یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی

(18)

سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی

مرکز البحوث واستطلاع الرأي

Research and Survey Center

# هاوڕەگەزبازیی

## ناچارییەکی بایەلۆجییە یاخود ڕەفتارێکی دەروونی؟


ئا:کەناڵی ڕەواسیخ (فیکر)

وەرگێڕانی: باسیمە قەرەداغی

پێداچوونەوەی: فاتیح سەنگاوی






سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی

(18)

# هاوڕەگەزبازیی.. ناچارییەکی بایەلۆجییە یاخود ڕەفتارێکی دەروونیی؟

ئا: کەناڵی ڕەواسیخ(فیکر)

وەرگێڕانی

**باسیمە قەرەداغی**

پێداچوونەوەی

**فاتیح سەنگاوی**

# لەبری پێشەکیی

ئەم کتێبەی بەردەستتان بریتییە لە وەرگێڕانی پێنج ئەڵقەی فیکریی کەناڵی ڕەواسیخ کە گوشراوی چەندین توێژینەوەیە و تایبەتە بەدیاردەی هاوڕەگەزبازیی. لەم کتێبەدا بەکورتی و پوختی وەڵامی ئەوە دراوەتەوە کە ئایا هاوڕەگەزبازیی ناچارییەکی بایەلۆجییە یاخود ڕەفتارێکی دەروونیی؟ ئەی ڕۆڵی بۆهێڵ و جینەکان چییە لەم ڕووەوە؟

ئایا دەکرێت مرۆڤ بەسروشت هاوڕەگەزباز بێت؟ ئەی هاوڕەگەزبازیی چ پەیوەندییەکی هەیە بە ئازادیی ئازاردانی ئەوانی دییەوە؟ ئەی دەبێت هەڵوێستی درووست چی بێت لە گۆڕینی ڕەگەز؟ ئەمە خۆکوشتنی مرۆیی نییە؟ تەشریع یاسادانانی ئیسلامیی چۆن دەڕوانێتە هاوڕەگەزبازیی؟ لەگەڵ شۆڕبوونەوە بۆ هەندێ پرس و بابەتی تری پەیوەندیدار.

بەهیواین ئامادە و وەرگێڕانی ئەم بابەتە خزمەتێك بێت بە کلتوور و داب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە و بەئاگاهێنانەوەیەکییش بێت لە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە. لەلایەکی ترەوە هەمووان ئازادن بەوەی ئەم بابەتە بەپیدی ئێف بڵاوبکەنەوە و تەنانەت کۆپیشی بکەن بەمەرجی ئاماژەدان بەناوی سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی و کەناڵی ئامادەکار، بەڵام مافی دۆبلاژی ئەم کارە پارێزراو و کاری لەسەر دەکرێت.

سلێمانی4-4-2021

# هاوڕەگەزبازیی..ناچارییەکی بایەلۆجییە یاخود ڕەفتارێکی دەروونیی؟ !

پرسیارێکە لەدێرین زەمانەوە دووبارە دەبێتەوە..

پێش زیاتر لەسەد ساڵ، (ناسێنەر و ڕاڤەکاری دەروونشیکاریی "سیگمۆیند فرۆید"، دانانی هاوڕەگەزبازی بەکەموکوڕییەکی بایەلۆجی ڕەتکردووەتەوە و وتویەتی: "ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ویستی گواستنەوەی کێشەکە لەبابەتێکی سایکۆلۆژییەوە بۆ بابەتێکی توێکاریی کارێکی بێهودەیە و، لەهەمان کاتدا هیچ پاساوێکیشی بۆ نییە."

تا دواتر گۆڤاری ناوداری توێژینەوە زانستییەکان"nature" ، لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا"پەڕاوێکی زانستیی بڵاودەکاتەوە و تیایدا پاش زیاتر لەسەدەیەك لەململانێی پاڵنراو بەئایدۆلۆژیا“ پشتگیریی تێڕوانینەکەی فرۆید دەکات.

چین ئەو پاڵنەرانەی لەپشت بوەو دان بەئاشکراکردنی پراکتیزەکردنی ئەم کارەوە دەوەستن بە"سروشتێکی مرۆیی"ئاسایی دادەنێن.

## لەلەدایکبوونی دەروونشیکارییەوە بۆ چاخی نوێ: مێژوویەکی کورت.

یەکەمین دامەزرێنەرانی دەروونشیکاریی وەکو فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە هاوڕەگەزبایی کەموکوڕییەکە لەگەشەی دەروونییدا.

بابەتەکە هەر تەنها بەوجۆرە نەبوو، بەڵکو فرۆید پێی وابوو کە هاوڕەگەبازیی جێگیرکردنی غەریزە و ئارەزووی سێکسییە، یاخود ئەوەی لەقۆناغی ئۆدیبیدا"ناوی نا لیبیدۆ"، قۆناغی ئۆدیبییش لای فرۆید یەکێکە لەقۆناغەکانی گەشەی سێکسی منداڵ لەتەمەنێکی زۆر زوودا.

ئەم قۆناغە گەر بەشێوەیەکی تەندروست تێنەپەڕێندرا“ ئەوا منداڵەکە بەڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دایکییەوە و شوناسی نێرینەیی دروست نابێت.

ئەمە خستنەڕووی دەروونیی (فرۆید) بوو و، (جاك لاكان)یش لەگەڵیدا هاوڕابووە و هۆکارەکەشی بە(غیابی)باوك لەهەمان قۆناغدا داناوە.

بۆچوونی زۆرێك لەچارەسەرکەرانی پسپۆری هاوچەرخی پاش فرۆیدیش جیاوازنەبوو لەمە، هاوشێوەی "ڕیچارد کۆهێن" کە هاورەگەزبایی داوەتە پاڵ دابڕان لەشوناسی جۆریی کەسەکە، یاخود "جۆزێف نیکۆلۆسی"کە پێی وایە هاوڕەگەزبازیی هەوڵێکە بۆ ساڕێژکردنی برینێکی دەروونیی“کە دەرئەنجامی شکستهێنانە لەبەدەستهێنانی

شوناسی نێرینەیی، بەجۆرێك وا لەهاوڕەگەزباز دەكات ڕقی لەشوناسی خۆی ببێتەوە و لێی هەڵبێت.

هەرچی پزیشكی ئەمریكیش "جیفری ساتینۆفر"ە“ئەوا نموونەیەكی هەڕەمیی داناوە تیایدا هۆكارەكانی هاوڕەگەزبازیی ڕووندەكاتەوە و، زۆرێك هۆكاری تێدا جێ كردووەتەوە، دەستپێك بەئامادەیی بۆماوەیی و هۆرمۆنیی، پاشان كاریگەریی پەیوەندییەكان لەناو خێزاندا و، كارلێكەكان لەگەڵ هاوڕێ و هاوشانانی هەمان ڕەگەز یاخود ڕەگەزی بەرامبەردا، هەروەها شۆكی دەروونیی و ئازارپێگەیشتنی دەروونیی، بەهەمان شێوە بۆ كاریگەرییە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانیش.

تا ئەم نزیكانە“ئەمە تێڕوانینی پزیشكیی دەروونیی و، چارەسەركەرانی دەروونیی بوو بۆ كەیسی هاوڕەگەزبازیی.

تەنانەت (ڕێنیشاندەری دەستنیشانكەر (الدليل التشخيصى) ئامارییەكانی نەخۆشییە دەروونییەكانیش (DSM)لەساڵی ١٩٥٢دا“تێكچوونی هاوڕەگەزبازیی وەكو یەكێك لەتێكچوونە سایكۆپاتییەكان(دژەكۆمەڵگا)گرتەخۆ، تا ئەوەی دواتر لەساڵی ١٩٦٨دا پۆلێنكارییەكەی گۆڕدرا بۆ "لادانە سێكسییەكان."

بەڵام دواتر هەموو ئەمانە لەژێر فشارێكی سیاسی ومیدیایی چڕدا دەگۆڕێن و“ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٣دا هاوڕەگەزبازیی بەتەواویی لە(ڕێنیشاندەری_دەستنیشانكاری پزیشكیی دەروونیی) دەسڕدرێتەوە.

جا ئەم كارە چۆن ڕوویدا؟

لۆبییەکانی هاوڕەگەزبازیی و پێشێلکردنی زانست.

لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە، جیهانی ڕۆژئاوا

بەرزبوونەوەیەکی خێرای لەبزاوتەکانی پەسەندێتی سیاسی بەدی کرد.لەکەناری ئەم ڕەوتانەشدا بزاوتەکانی"شۆڕش لەپێناو مافەکانی هاوڕەگەبازاندا" و هەوڵدان بۆ بەیاسایی کردنی هاوسەرگیرییان و، بانگکردنی هەموو هاوڕەگەزبازان بۆ ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکانیان و، پراکتیزەکردنی لەژیانی گشتیدا بەبێ سڵکردنەوە و، جێکردنەوەی لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندندا وەکو مەیلێکی سروشتی، دروستبوون.

یاخود بەدەربڕینی "نیکۆلاس کامینگز"، سەرۆکی دەستەی ئەمریکی بۆ پزیشکیی دەروونیی (APA)بۆ ساڵی ١٩٧٩ : "ئەوەی ئەمڕۆ حوکم دەکات زانست نییە، بەڵکو پەسەندێتی سیاسییە."!

ئەم قسەیەشی وەکو وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ڕەتکردنەوەی بەردەوامی پزیشکانی دەروونیی“دەربارەی توانای چاکبوونەوە لەمەیلە هاوڕەگەزییەکان و دانانی بە"حەز و ویستێکی سروشتی بەجۆرێك پێویستی بەدەستێوەردانی چارەسەریی نییە، تەنانەت لای ئەوانەش کە خۆیان ئاسوودەنین بەو دۆخە.

ئەمەش بەڕوونی لەدانیشتنەکانی دەستەی ئەمریکی بۆ پزیشکیی دەروونییدا دەرکەوتووە، کە ئەم دەستەیە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە“ بڵاوکاری (ڕێنیشاندەریدەستنیشانکار تێکچوونە دەروونییەکانن.

چارەسەرکاری دەروونیش "جۆزیف نیکۆلۆسی" بەناوی مافەکانی مرۆڤ و پەسەندێتی سیاسییەوە "ئەم "جەنگەی دژی مرۆڤایەتی" ڕەتکردووەتەوە و وتویەتی: "وەکو پسپۆڕێکی دەروونیی کە چارەسەری کەسانێك دەکەم لەڕەگەزی نێرن و خاوەنی مەیلی هاوڕەگەزبازیین" هەستم بەترسێکی زۆر کرد کاتێك جوولەی هاوڕەگەزبازانم بینی چۆن جیهان قایل دەکەن کە کەسی هاوڕەگەزباز تێگەیشتنێکی تایبەتی لەلایەن ڕەگەزی مرۆڤەوە دەوێت و، پسپۆڕانی پزیشکیی دەروونییش ڕۆڵێکی کاریگەریان لەمەدا بینیوە."

هەر ئەمەشبوو "د.سام جەی ماکفارلاند" لەوتارێکدا کە لەپێگەی دەستەی ئەمریکی بۆ پزیشکیی دەروونیدا بڵاویکردەوە "دووپاتیکردەوە و وتی: "زانستی دەروونناسی هاوکاری کۆمەڵگەی کرد بۆ قبوڵکردنی هاوڕەگەزبازیی."

دواتر ئەم کاریگەرییە درێژبوویەوە تا ئەوەی منداڵان و هەرزەکارانیشی گرتەوە، لەئەنجامی ڕەواجدان بەهاوڕەگەزبازیی و وەسفکردنی بەمەیلێکی سروشتیی.

ئەو ڕێرەوپێدانەی لەتەمەنێکی بچووکەوە دەست پێدەکات بەشلگیریی شوناسی سێکسی دەناسرێتەوە و، ویستی تاقیکردنەوە و ناسینی سێکس دتێیدا بەرجەستە دەبێت.

که هەر ئەمەشە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی پراکتیزەکردنی سێکسی هاوڕەگەزبازیی بەشێوەیەکی بەرچاو و وەرگرتنی مۆرکی قبوڵکردنی کۆمەڵگەیی.

وەك لەپەیپەرێکی توێژینەوەییشدا کە مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی "ئامی باتلەر"بڵاویکردووەتەوە و تیایدا بەهەموو ئەو توێژینەوە لێکۆڵینەوەیانەدا چووەتەوە کە لەساڵی ١٩٨٨ەوە بڵاکراونەتەوە و باسیان لەڕێژەی ئەو کەسانە کردووە کە هاوژینێکی هاوڕەگەزیان هەیە لەئەمریکادا، ئەو خانمە توێژەرە بۆی دەرکەوتووە ڕێژەکان لەساڵی ١٩٩١ەوە چەند هێند دەبن.

بەو واتایەی کە بڵاوبوونەوەی لۆبییاتی هاوڕەگەزبازان لەمیدیا و لەخوێندندا" هاندەری ئەم مەیلە بوونە و، کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ئاساییکردنەوەی هەڵوێست بەرامبەر هاوڕەگەزبازیی و بڵاوبوونەوەی.

ئێستا با لەجیهانی نوێ گەڕێین و بچین بۆ مێژوو و ئەنپرۆپۆلۆجیا..

تا بەیەکەوە تەماشای ٨٦ ڕۆشنبیریی جیاواز بەدرێژایی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بکەین!

ئەمەبوو زانای ئەنپرۆپۆلۆجیا لەزانکۆی هارڤارد، "جۆزێف ئۆنوین"، پێی هەستا.

پوختەی توێژینەوەکەی ئوروین ئەوەیە کە بەرپابوونی شارستانییەت هەمیشە پەیوەست بووە بەچالاکی سێکسیی باڵاوە ، بەڕێکوپێکیی سێکسیی و کورتکردنەوەی پراکتیزەکردنی تەنها لەپەیوەندی قەتیسکراوی نێوان دوو ڕەگەزەکەدا.

هەروەك ئوروین گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەش کە"هەڕەمەکیی سێکسیی لەدەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی" و بەرزبوونەوەی پراکتیزەی سێکسیی ئازاد"هەمیشە هاوکات بووە لەگەڵ دەستپێکردنی داڕووخانی شارستانییەتەکان وەکو شێوازێکی دووبارەبووەوە لەمێژوودا.

دەربارەی "جۆن دیمیلیۆ"ش، مامۆستا لەزانکۆی ئیلینوی لەشیکاگۆ، ئەوا دووپاتی دەکاتەوە کە پێشتر و بەدرێژایی مێژوو"نەبووە و نەکراوە هاوڕەگەزبازان بەم چڕییە بوونیان هەبێت.

هەروەها ئەفسانەی سروشتیبوونی مەیلە سێکسییە هاوڕەگەزییەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنراوە و، بڵاوبوونەوەی هاوڕەگەزبایی هیچ نییە ئەنجامی مێژووی نوێ و، پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و سیستەمی کارکردنی ئازادی ئەو سیستمە نەبێت.

هەروەك دیمیلیۆ پێی وابووە ئەم حاڵەتە بووەتە هۆی هەڵوەشانی شیرازەی خێزانیی جاران"کە بەتەواوەتی پشتی بەخێزان وەکو ناوکی کۆمەڵگا بەستبوو، تیایدا پراکتیزەی سێکسیی بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بەسترابوو بە زۆربوون و بەرهەمهێنانی وەچەوە.

بەو پێیەی خێزان پایەی چالاکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بوو، بەڵام پاش باڵادەستبوونی سیستمی سەرمایەداری"خەڵکی گۆڕان بۆ تاك و، توانرا بەشێوەیەك بژین کە بەخاوەنی"شوناسی تاکەکەسیی"وەسفبکرێن.

هەروەها وەك چۆن بەیاننامەی بزاوتی فەڕەنسی خۆپیشاندان لەپێناو هەمووواندا گوزارشتی لێکرد: "ئەو هۆگریەیەی ئێستابە جێندەرەوە ئاماژەیەکی ڕوون و ڕەوانە لەسەر ئەوەی کە ڕەنگە بۆ یەکەمجار لەمێژوودا"کۆمەڵگایەك هەبێت لەبنەڕەتدا گرنگی بەمانەوەی نەدات، کە بەدیاریکراوی لەپێکگەیشتنی نێر و مێدا بەدی دێت."

## پەرستنی جەستە یاخود ڕزگاربوون؟

"جادووی"حەزو خواستە هەستییەکان و مەستیی جەستەیی و چێژەکان دەگوازرێنەوە بۆ پێشەوەی دیمەنی سیاسەتی ژیان"گوایە ئەمانەن مەبەستی کۆتایی ژیان"پاشان جەستە دەخرێتە پێگەیەکی تاك و ناوازەی واوە کە لەجیهاندا هیچ قەوارەیەکی دی ڕۆڵێکی لەو جۆرەی نەدرابێتە پاڵ."

زانای کۆمەڵناسی پۆڵەندی "زیگمۆینت پاومان"بەمجۆرە وەسفی جیهانی نوێ دەکات.

ئەو ژیانەی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی خۆی تێخستووە تا ئەوەی بەچێژە بێسنوورەکانەوە و، بەئازادیی مامەڵەکردن بەجەستەوە هەرچۆنێك مرۆڤ ویستی و، بەشوناسە سێکسییە سەیروسەمەرەکان بەلای تاکەکانەوە سەرقاڵ بووە و، ئیدی بوونی خۆشی لەبیربردووەتەوە.

چونکە حەز و چێژەکان تەواونابن و، بەردەوام داوای تێرکردن دەکەن و هەمیشە لەبابەتێکی تێرکردنەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بابەتێکی دی.

ئیدی بڵاوبوونەوەی هاوڕەگەزبازیی بەمجۆرەبوو.

بەجۆرێك هیچ نەبوو جگە لەنیشانەیەك لەنێو چەندین نیشانەدا، لەسەر کۆمەڵگایەك کە چێژەکان بەهیلاکیان بردووە و، یانە شەوانەکان خواردوویانە و، بەهۆی سەرقاڵی بەمانەوە ئاگای لەپرسیارە گەورەکان و، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەندروستئەمە یەکەم بێ ئاگایە لە پرساندنی واقع فیکر و کاریگەریی ئەم جۆرە فیکرانە لەسەر داهاتووی و مانەوەی نەماوە.

لەسەر کۆمەڵگایەك تیایدا تێکچوونە دەروونییەکان بوون بە"پراکتیزەکراویی شازادانە " و، نیشانەکانی لاوازیی کۆمەڵایەتی گۆڕاون بۆ "ئازادی تاکەکەسیی."

جا ئایا ئێمە داهاتووی خۆمان لەکارەساتباریی واقیعێك ڕزگاردەکەین کە بەچاوی خۆمان سەرەنجامی خراپیمان لەگەلانی دیدا بینیوە؟!

یا ئەوەتا هۆگریی لاوازیی و ژێردەستەیی بەزۆری زاڵەکەی کاری خۆیمان پێدەکات"تا دواتر پاش چەند ساڵێك خۆمان ببینینەوە بەکۆمەڵێك لەناوبەر دەوردراوین"کە بیری کەسانی دی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتییان بۆ هێناوین.

# بۆهێڵەکان وایان لێکردم ئەو کارە بکەم..جا ئایا دەکرێت مرۆڤ بەسروشت هاوڕەگەزباز بێت؟

بۆهێڵەکانم وایان لێکردم ئەو کارە بکەم!

من ئاوا لەدایکبووم!

تەنانەت هەندێك لەئاژەڵانیش هاوڕەگەزبازیی پراکتیزە دەکەن، بۆیە ئاساییە ئێمەش پراکتیزەی بکەین!

بەشێك لەهاوڕەگەزبازان نموونەی ئەم وتانە دووبارە دەکەنەوە تا لەکۆتاییدا بگەنە ئەوەی کە: "هیچ ڕێگایەکی دی نییە لەجگە لەهاوڕەگەزبازیی" و،

بەتێپەڕبوونی کات، ئەم چەمکانە بوون بەبیروباوەڕگەلێك کە زۆرێك باوەڕێکی پتەویان پێی هەیە.

مەیلە هاوڕەگەزییەکان لای ئەوان هیچ نین جگە لەسروشتێکی بۆماوەیی لەترشی ناوەکی مرۆڤدا(DNA)، کە مرۆڤ پێوەی لەدایك دەبێت و، ناتوانرێت ئەو هەستەی لێ لابرێت یاخود بگۆڕدرێت چ جای ئەوە لەسەری سزا بدرێت.

جا ئیدی هەندێك بە ڕەش پێستیی یاخود سپی پێستیی و یانیش بەهاوڕەگەزبازیی لەدایك دەبن و، تەنها ئەوەندەیان لەسەرە ڕازی بن بەو بۆهێڵانەی تیایاندا دانراوە.

ئاخۆ ئەمانە تا چەندە ڕاستن؟

## هەڵبەستنی توێژینەوەکان

ساڵی ٢٠١٥، تیمێك لەتوێژەران لەزانکۆی کالیفۆرنیا هەستان بەڕاگەیاندنی بوونی چەند نیشانەیەکی سەروو_بۆهێڵیی کە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لەمەیلە هاوڕەگەزییە سێکسییەکاندا هەیە.

هەر زوو گۆڤاریNature ی بەناوبانگ و چەند پێگەیەکی زانستیی ئەلکترۆنییش بەدوای ئەودا"بەجۆش و خرۆشەوە پێشوازیان لەهەواڵەکە کرد.

بەڵام، چەندین لێکۆڵەر گومانیان خستەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هاوشێوەی نووسەری زانستیی بەریتانی "ئید یۆنگ"، کە هەندێك لەو هەڵانەی بۆ دەرکەوت و ئاشکرای کردن و ڕوونیکردەوە کە ئەو تیمە خۆیان لەهەندێك ئەزموونکاریی دیاریکراو لاداوە و هەندێکی دییان هەڵبژاردووە"بەمەبەستی سازان لەگەڵ ئەو لۆگاریتمانەی توێژینەوەکەدا کە پێشتر لەلایەن خودی تیمەکەوە دانراوە.

پاش چەندین پێداچوونەوەی یەك لەدوای یەکیش، مامۆستای زانستی بۆهێڵەکان"جۆن گریلی"، ڕەخنەیەکی ئاڕاستەی توێژینەوەکە کرد، کە بەلێدوانی تیمی هەمان ئەو توێژەرانە دەربارەی هەڵەی

توێژینەوەکە کۆتایی هات و، دانیان بەوەدا نا کە توێژینەوەکە لەڕووی زانستیی و ئامارییشەوە ناتەواوە و کەموکورتیی تێدایە.

## سەختیی توێژینەوەکان

ئێستا با پرسیارێکی ڕیشەیی دیکە بپرسین، ئایا دەکرێت ڕۆژێك لەڕۆژان بگەینە بۆهێڵێکی دیاریکراو بیسەلمێنێت کە هاوڕەگەزبازیی خەسڵەتێکیڕەفتارییە بەبنەڕەتێکی بۆهێڵییەوە و، وا لەمرۆڤ بکات بەرپرس نەبێت لەکردەوەکانی؟

سەرەتا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان (بۆهێڵە بۆماوەییەکان) و لەنێوان (ڕەفتاریی کردارییدا).

ئەگەریش بمانەوێت بۆهێڵەکان لەنزیکەوە بناسین و ڕۆڵیان بزانین"ئەوا مامۆستای توێژینەوە خێزانییەکان لەزانکۆی نبراسکا، "دۆگلاس ئەبۆت"، وەڵاممان پێشکەش دەکات و ڕوونیدەکاتەوە کە بابەتەکە بەوجۆرە نییە"چونکە گەڕان بەدوای بۆهێڵی هاوڕەگەزبازییدا کێشەیەکی گەورەی تێدایە ئەویش ئەوەیە کەتوێژینەوە بۆهێڵییە_ڕەفتارییەکان(Behavioral Genetics)"بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیاریکەری ڕەفتاری مرۆیی نین"بەوجۆرەی کە بۆهێڵێکی دیاریکراو نەخۆشییەکی ئەندامیی دیاریکراو دیاریدەکات.

هەروەها ئەبۆت دەشلێت کە: "زۆرێك لەخەڵکی پێیان وایە بۆهێڵەکان دەبنە هۆی ڕەفتارێکی دەروونیی داڕێژراو، بەڵام بابەتەکە بەوجۆرە نییە.لەزۆربەی حاڵەتەکاندا"ڕەفتار لەکاریگەرییەکی بۆهێڵیی کارلێککەر لەگەڵ کارتێکەری دیکەی ژینگەیی و ئازادیی ویستی مرۆڤەوە بەرهەمدێت.کاتێکیش ناونیشانی پەڕەکان دەخوێنینەوە(بۆهێڵی X دەبێتە هۆی ڕەفتاریY)، ئەوا ئەمە زیادەڕەوییەکی ئێجگار مەزنی تێدایە کە خەڵکی ئاسایی بڕوای پێدەکەن.بەڵام بۆهێڵەکان ڕاستەوخۆ نابنە هۆی ڕەفتارەکان، بەڵکو بۆهێڵەکان لەزنجیرەیەك پرۆسەی کیمۆ_زیندەیی درێژدا"کۆدی ئەو پرۆتینانە پێکدەهێنن کە لەکۆتاییدا هەندێك کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار دەبێت.بەڵام بازدان لەبۆهێڵێکی پێناسەکراو و زانراوەوە بۆ ڕەفتارێکی دیاریکراو بابەتێکی داڕێژراو و زۆر ئاڵۆزە."

ئەمە ڕێك ئەو ئەنجامەیە کە نوێترین توێژینەوەکانی بواری چەسپاندنی بۆهێڵی هاوڕەگەزبازیی پێی گەیشتوون و، پسپۆڕی بۆماوەزانی"ئەندریا جانا" سەرۆکایەتی کردوون.

لەساڵی ٢٠١٩دا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگۆڤاری(Scince)دا، کە گۆڤارێکی ئاست بەرزە لەتوێژینەوە زانستیەکاندا، بڵاوکرایەوە.

(جانا) لەتوێژینەوەکەیدا پشتی بەپشکنینی جینۆمی مرۆیی ٤٩٣ هەزار مرۆڤ لەویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و سوید بەستووە"تا لەکۆتاییدا بگاتە ئەوەی شتێك بوونی نییە بەناوی بۆهێڵی هاوڕەگەزبازیی و، هاوڕەگەزبازیی بۆهێڵیی وەکو هەموو خەسڵەتە ڕەفتارییەکانی

دی"کۆمەڵێك کارتێکەر کۆنترۆڵی دەکەن و"پێکهێنەری بۆهێڵیی ئەم کارتێکەرانەش تەنها ٨ بۆ ٢٥٪ی ئەم ڕەفتارە کردارییە پێکدەهێنێت.

هەروەها گەر گریمان واشمان دانا کەسانێك هەندێك بۆهێڵیان هەبێت پاڵیان پێوە بنێت بۆ ئەو حاڵەتە"ئەوا ڕێژەی ئەو بۆهێڵانە لەو پاڵنانەدا کەمترین ڕێژەیە و، بەشە گەورەترەکە خۆی لەژینگە و ئەو کارتێکەرە کۆمەڵایەتییانەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤی تێدا گەشەدەکات یاخود چواردەوری دەدات.

## کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان..یادنامەکانی ڕێگای بەرەو هاوڕەگەزبازیی..

پزیشکان پێمان ڕادەگەیەنن کە زۆربەی نەخۆشییە ئەندامییەکان و ڕەفتارە مرۆییەکان پێکهێنەرێکی بۆهێڵییان تێدایە.

بەڵام ئەم بۆهێڵە ئەوە ناگەیەنێت کە زۆر لەمرۆڤ بکات بۆ ئەنجامدانی شتانێك بەدەر لەویستی خۆی.

چونکە بۆهێڵ واتە (ئامادەیی) ئەم کەسە یا ئەوی تر بۆ تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە یاخود شێرپەنجەی سی یا تەنانەت ئەوەی کە ئالوودەی ماددە کحولییەکان ببێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو حەتمەن ئالوودەی کحول دەبێت!

"دەڤید شێنک"ی نووسەری ئەمریکیی ڕۆڵی ژینگە ڕووندەکاتەوە و ئەوەی کە بەرپرسیاری یەکەم و گرنگترینە لەڕەفتارەکان لەپاڵ ئارەزووەکانی نەفسی مرۆڤدا"وە لەسەروو بۆهێڵەکانەوەیە و دەڵێت: "سەرەڕای بۆهێڵەکان وەکو دەستنوسگەلی تەواو و کامڵ، بۆهێڵەکان وەکو دوگمە و کلیلی کۆنترۆڵکردنی دەنگ وان لەستۆدیۆکانی تۆمارکردن. ئێمە سیفەتەکانمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبۆهێڵەکانمانەوە وەرناگرین، بەڵکو سیفەتەکان لەڕێگەی پرۆسەی دینامیکی کارلێکی نێوان بۆهێڵەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە"پێشدەخەین.

هەروەك لەجیهانی کارلێککردووی نێوان بۆهێڵەکان و ژینگەدا"تاکو ئێستاش جیاوازییە بۆهێڵییەکان بەشێوەیەکی سەنتەریی گرنگییان هەیە، بەڵام بەتەنها خۆیان"بۆهێڵەکان دیاریناکەن ئێمە کێین."

ئیدی ئەمەیە وامان لێدەکات پێمان وابێت کە کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان لەبۆهێڵەکان زیاتر و بەڕادەیەك کە بەراورد ناکرێت"کاردەکەنە سەر ئاڕاستەی ڕووکردنە هاوڕەگەزبازیی!

دەکرێت خێزانیش ڕۆڵێکی گەورە لەم بابەتەدا بگێڕێت.

چونکە هەروەك توێژینەوەیەك دووپاتیدەکاتەوە"غیابی باوك یاخود دایك بەئاماژەیەك بۆ ڕووکردنە هاوڕەگەزبازیی دادەنرێت، بەڕێژەی زیاتر لە20٪ بەراورد بەو کەسانەی لەگەڵ دایك و باوکیاندا دەژین.

لەتوێژینەوەیەکی دیکەشدا کە ڕۆڵی تەوەرەیی باوك لەڕێکخستنی مەیلە سێکسییەکانی منداڵەکانیدا دەردەخات"84٪ ی

هاوڕەگەزبازانی نێر دان بەوەدا دەنێن کە باوکیان لەمنداڵییاندا گرنگیی پێنەداون"بەراورد بە تەنها 10٪ ی ئەو کەسانەی هاوڕەگەزبازنین.

بەجۆرێك واتە ڕەق مامەڵەکردنی باوکان پەیوەستە بەهێزی ڕەفتاری هاوڕەگەزبازییەوە لای ئەو کەسانەی ڕەگەزی نێر کە هەمیشە بەهێزتر و تایبەتتر لەڕەگەزی مێ گوزارشت لەهاوڕەگەزبازییان دەکەن"هەروەك ئەمە لەتوێژینەوەیەکی بەدواداچوونیی ساڵی ٢٠١٦شدا هاتووە کە دەربارەی سێکسی دڵخوازبووە لای هەردوو ڕەگەز.

لەپاڵ خێزاندا، بازنەکانی هاوڕێیانیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن، بەتایبەت گەر لەمنداڵیدا دەستدرێژیکردنێکی سێکسی بوونی هەبووبێت.

بەڵام سەبارەت بەقابیلییەتی کۆمەڵگایی و ڕەواجدان بەهاوڕەگەزبازیی لەمیدیادا گوایە کە بۆ هەندێك کەس قەدەرێکی حەتمییە، ئەوەیە ئیدی گەورەترین ڕۆڵ لەڕۆڵەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵگایی دەبینێت"تا ئەو ئاستەی مامۆستای زانستی کۆمەڵناسیی "ئامی باتلەر""لەمیانەی بەدواداچوونی هەموو ئەو توێژینەوانەی باسیان لەڕێژەی هاوڕەگەزبازان لەویلایەتەیەکگرتووەکان کردووە لەساڵی ١٩٨٨ەوە"گواستویەتییەوە و بۆی دەرکەوتووە کە ڕێژەکان لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە بەشێوەیەکی توانیی نەك هێڵیی"بەرزدەبێتەوە، ئەویش ئەو ماوەیەیە کە بانگەوازی میدیایی هاوڕەگەزبازیی تیایدا چالاك بوو.

## هاوڕەگەزبایی بەتەنها ناوەستێت!

ڕێگەم بدە پرسیارێکی دیکەت دەربارەی بۆهێڵەکان لێ بپرسم، بەڵام ئەمجارە پەیوەست بەئارەزوو بۆ منداڵان.

ئەی کوانێ مافی دەستدرێژیکەرانی سەر منداڵان لەم نێوەندەدا؟!

چونکە ژمارەیەك بەڵگە بوونیان هەیە لەسەر ئەوەی حاڵەتی بوونی ئارەزوو بۆ منداڵان (pedophilia) لای هەندێك كەس ڕەفتارێکی بۆماوەیی بۆهێڵییە، ڕێك بەو جۆرەی دەربارەی هاوڕەگەزبازی باسی لێوە دەکەن.

جا ئایا دەکرێت (پێدۆفلیا) بە مافێکی سروشتی ئەو کارتێکەرە بۆهێڵییەی لای هەندێك كەس هەیە دابنرێت؟ !

پیدۆفلیا لەهەموو یاساکانی جیهاندا تاکو ئێستا بەتاوان و دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر ئازادی منداڵ دادەندرێت، تەنانەت گەر خودی منداڵەکەش قایل بوو بەو پەیوەندییە سێکسییە، چونکە قایل بوونی کەسی پێنەگەیشتوو ئەرزشی بۆ داناندرێت.

ئەمەش واتای ئەوەیە بۆهێڵەکان پاساو نین بۆ ڕاستێتی ڕەفتاری مرۆیی.

بەو پێیەی بۆهێڵ بەشێوەیەکی حەتمی بەرپرس نییە لەڕەفتاریی تاکەکەسیی مرۆڤ.

جا وەك چۆن بوونی شتێکی پەیوەست بەبۆهێڵەوە لەپێدۆفیلیادا"چاو لەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵگاییەی خاوەنەکەی ناپۆشێت کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی بەهۆی ئەنجامدانی کارێکەوە بەویستی خۆی، بابەتەکە بۆ زۆرێکی دی لەو کارانەش هەر بەوجۆرەیە کە ناکرێت بەرپرسیارییەتییەکان بەتەنها بگەڕێندرێتەوە بۆ بۆهێڵەکان.

با نموونەیەکی ڕوونتر وەربگرین، دەربارەی ئالوودەبوون بەماددە کحولییەکانەوە، کە بەپێی پەیمانگای نەتەوەیی ئەمریکی بۆ ئالوودەبوون بەماددە کحولییەکانەوە، ئەم حاڵەتە خەسڵەتێکی ڕەفتارییە تیایدا ڕێژەی بەشداریی پێکهێنەری بۆهێڵیی و پێکهێنەری ژینگەیی تا ڕادەیەکی زۆر لێك نزیکن.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش چارەسەرکاری دەروونیی هەڵدەستێت بەڕێنمایی کردنی کەسی ئالوودەی کحول بۆ پێویستی دوورکەوتنەوە لەو کاریگەرییە ژینگەییانەی دەبنە هۆی ئەم ڕەفتارە و، بەوەندە ناوەستن پێی بڵێن کە دەکرێت مرۆڤ لەبۆهێڵەکانیدا شتێك هەبێت هانی بدات بۆ خواردنەوەی ماددە کحولییەکان.

لێرەشداجارێکی دی دەبینین کۆمەڵگا شەرم لەوە ناکات لەڕێگەی سنوردارکردنی پێکهێنەرە ژینگەییەکانیەوە" ڕەفتارێك کە پێکهێنەرێکی بۆهێڵیی بەڕێژەیەکی دیاریکراو هەیە

ڕەتبکاتەوە!

چونکە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگا بەتەنها لەسەر بۆمێڵەکان ناوەستێت.

## ئەی دەربارەی گیانداران چی؟

هەندێك بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە هاوڕەگەزبازیی لەناو گیاندارانیشدا هەیە، ئەمەش وای لێدەکات بابەتێکی ئاسایی بێت و هیچ زیانێك لەپراکتیزەکردنیدا نەبێت.

بەڵام ئەوەی لەچاوی ئەوان دوورە و نایبینن ئەوەیە کە ڕەفتاری هاوڕەگەزبازیی لای گیانداران بەوجۆرەی کە لای هاوڕەگەزبازانی مرۆڤ هەیە"بەپاڵنەری ئارەزوو و حەزی سێکسی بۆ هەمان ڕەگەز پراکتیزەناکرێت، بەڵکو هەندێك لەگیانداران بەهۆکاری تر کە زانایانی گیانداران باسی لێوە دەکەن"ئەو کارە دەکەن.

وەك چۆن "سیراز ئەدیس"، مامۆستای دەروونناسی لەزانکۆی ساو پاولۆ دەڵێت: "کاتێك دوو نێر پێکدەگەن گوزارشت لە ویستیان بۆ ڕاگەیاندنی کۆنترۆڵکردن دەکەن نەك سێکس."

وەکو زۆرێك لەپەیپەرە توێژینەوەییەکان باسی دەکەن، لەهۆکارەکانی هاوڕەگەزبایی لەشانشینی گیاندارانداا ئەوەیە کە نێرێك کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتی خۆی بەسەر نێرەکانی دیدا ڕادەگەیەنێت و، هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا پیشاندەدات و، نێرایەتی خۆی بۆ ئەو مێیانە دەسەلمێنێت کە بەدوای بەهێزتریندا دەگەڕێن.

هەندێك جار: ئەو ڕەفتارە بەهۆی تێكچونی هەستی بۆنكردنەوە ڕودەدات ، كەلەلای هەندێك لە ئاژەڵ بەرپرسە بەرپرسە لە وەرگرتنی نامە سێكسیەكان و جیاكردنەوە و دیاریكردنی مێ لە نێر.

دكتۆر "ئەنتۆنیۆ باردۆ"، مامۆستای ڕەوشتە زیندەییەكان لەزانكۆی ناڤاری ئیسپانی، ئەمە ڕووندەكاتەوە و دەڵێت: "با وردبین"هاوڕەگەزبازیی لەنێو گیاندراندا بوونی نییە.بۆ مەبەستی مانەوە، هەمیشە حەزی زۆربوون دەچێت بەرەو ڕەگەزی بەرامبەر، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناكرێت مەیلی هاوڕەگەزبازیی لەنێو ئاژەڵاندا هەبێت."

لەگەڵ ئەوەشدا، دەكرێت كارلێكی هەندێك لەغەریزەكان بەتایبەت غەریزەی هەژموون"ببێتە هۆی ڕەفتارێك لەهاوڕەگەزبازیی بچێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناكرێت وەسفی "ڕەفتاری هاوڕەگەزبازیی گیانداران" بەسەر ئەم ڕەفتارەدا ببڕێت.

ئێستا با نموونەیەكی سەیرتر پێشكەش بكەین:

"ئایا غەریزە سروشتییەكان بەتەنها خۆیان دیاریكەری ڕەفتاری سێكسی گیاندارانن، یاخود ئەوەتا كارتێكەرە كۆمەڵایەتییەكانیش ڕۆڵیان هەیە لەدیاریكردنی مەیلە سێكسییەكاندا؟ ."!

لەیەكێك لەتاقیكردنەوەكاندا، چەند زانایەك هەستان بەجیاكردنەوەی كۆمەڵێك مەیموونی نێر لەدایكیان و ئیدی ئەو مەیموونانە بەبێ بوونی دایك پێگەیشتن، پاش ئەوەی گەورەبوون، مەیموونێكی مێی لەڕووی سێكسییەوە قبوڵكراویان خرایە بەردەست، مەیموونە نێرەكان

تیامان و سەرسامانە دەهاتن بەیەکدا، تەنانەت بەشێکیان هەوڵی جووتبوون و وەچە خستنەوەیان لەگەڵ مەیموونە مێیەکەدا دا بەڵام شکستیان هێنا.

کەواتە ئەم توێژینەوەیە ئەوەی سەلماند کەلانی کەم تا ڕادەیەک ڕەفتاری سێکسیی لەماوەی گەشەکردندا بەدەستدەهێندرێت و تەنانەت لای گیاندارانیش بەشێوازێکی گەورە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەروەردەکردنەوە لەتەمەنێکی بچووکەوە و، ڕەفتاری سێکسی شتێکی چەسپاوی چێندراو نییە نەگۆڕێت.

ئەگەریش دانمان بەوەدا نا کە هەندێك لەگیانداران هاوڕەگەزبازیی بەو واتایەی لای مرۆڤ هەیە دەناسن، ئایا ئەمە بەبەڵگەیەك لەسەر سروشتیی بوونی هاوڕەگەزبازیی دادەنرێت؟

زۆرینەی زانایان  لەگەڵ ئەم بەڵگەهێنانەوەیەدا هاوڕانین لەبەر چەند ڕەچاوکارییەك، لەوانە کە ناکرێت غەریزە و ڕەفتارە ئاژەڵییەکان لەگەڵ هاوشێوەکانیاندا لەمرۆڤدا بپێورێن و، بانگەشەی ئەوە بکرێت کە هەرچی ئاژەڵان ئەنجامیدەدەن سروشتیی و ئاساییە.

بۆ نموونە، هەندێك لەئاژەڵانی هەمان جۆر یەکدی دەخۆن، جا ئایا دەکرێت ئەم ڕەفتارە بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە تا لەسەر گۆشتی مرۆڤی برای بژی؟

هەروەك هەندێك پشیلە هەڵدەستن بە کوشتنی پشیلە بچووکەکان تەنانەت گەر بەچکەی خۆشیان بن، کە ئەویش ڕەفتارێکی غەریزییە

لەپشیلەدا بەهۆی هەندێك گۆڕانكاریی سایكۆلۆجی و ئەندامییەوە، دووبارە جا ئایا دەكرێت ئەم ڕەفتارە بۆ مرۆڤ بگوازینەوە؟

هەمان شت بۆ ڕەفتارە سێكسییە ئاژەڵییەكانیش ڕاستە كە كۆمەڵگای ڕۆژئاوایی پێی خۆش نییە (پراكتیزەیان بكات) و تا ئێستاش دژیان دەجەنگێت!

چونكە هەندێك لەئاژەڵان سێكس لەگەڵ مەحرەمیاندا جێبەجێ دەكەن و، هەندێكیان (دەستدرێژی سێكسی زۆرەملێ) و پراكتیزەدەكەن و، بەنزیكەیی هەموو ئاژەڵان فرەیی لەگەڵ مێیەكاندا پراكتیزەدەكەن!

جا ئایا دەكرێت بوترێت ئەمە فیترەتی سروشتە چونكە ئاژەڵان پراكتیزەیان كردووە؟ !

كەواتە بۆچی ڕۆژئاوا ڕەفتارێكی وەكو فرەژنیی بەنموونە لەئاژەڵان وەرناگرێت، وەك چۆن هاوڕەگەزبازیی وەرگرتووە؟ !

بەو پێیەی لەیاسا ڕۆژئاواییەكاندا فرەژنی سنوردار و ڕێگەپێنەدراوە، هەچەندە ڕەفتارێكە ئاژەڵیش هەروەكو هاوڕەگەزبازیی ئەنجامی دەدات.

ئەمە سەرەڕای ئەوەش كە خودی فرەژنیی كردارێكی مرۆییە و مرۆڤ خۆی هەزاران ساڵە و بەدرێژایی مێژوو پراكتیزەی كردووە.

## کەموکورتییەکە لەکوێدایە؟ !

کەواتە حاڵەکە بەم جۆرەیە.

بوونی چەندین توێژینەوە کە نایسەلمێنن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان بۆهێڵەکان و مەیلە سێکسییەکاندا هەبێت.

میدیایەك سەردێڕەکان ساختەدەکات و،

ژمارەگەلێك بەبێ سەرژمێری ورد دەوترێت،

هۆکارگەلی کۆمەڵایەتی کاردەکەنە سەر مەیلە هاوڕەگەزبازیەکان لای هاوڕەگەزبازان.

ئاژەڵگەلێك بەشێوازێکی هەڵە کارەکانیان دەکرێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕاستێتی گۆشەنیگایەك.

جا چی ماوە بۆ قەناعەت پێهێنانی مرۆڤ بەوەی کە مەیلە سێکسییەکان ڕەفتارێکن بەویستی ئازادی خۆی ئەنجامدەدرێنن، ئەگەرچی کارتێکەری زۆریش بەشداری لەبڕیارەکەدا بکەن؟

هەروەها وشەی(بۆهێڵەکان) بەتەنها، بەس نییە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی لەسەرشانی مرۆڤی پێگەیشتووی ژیر، هەروەك بەرپرسیارییەتی سەرشانی خاوەنانی هەستی پێدۆفیلیا هەڵنەگیرا.

کەواتە تاك هەمیشە بەرپرسە لەوکردار و ڕەفتارانەی سەرەنجامێکی کیمیایی حەتمی بەناوی (بۆهێڵ)“بەتایبەتی دیارییان نەکردووە .

مرۆڤ لەسەر کۆنترۆڵکردنی خۆی و ڕاست و تەندروستکردن ڕەفتارەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و، بەرامبەر کۆمەڵگائەدا لێپرسراوە، پێش ئەوەش لەبەردەم ئەو کەسەدا ڕاست و هەڵەی بۆ لێك جیاکردووەتەوە، لەبەردەم پەروەردگاریدا لێپرسینەوەی لێدەکرێت، کە فەرمووشیەتی: ﴿**بَلِ الأنسان عَلى نَفسِهِ بَصيرَة، ولَو ألقى مَعاذيرَهُ**﴾ **القيامة:14– 15.**

## هاوڕەگەزبازیی و ئازادیی ئازاردانی ئەوانی دی

"ئازادیی"..ئەو دروشمە ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی پاڵپشتی مافی هاوڕەگەزبازان بەرزیانکردووەتەوە.

دەی کاتێك دوو کەس بەویستی ئازادی خۆیان بڕیاردەدەن پێکەوە بژین، ئیدی دژ وەستانەوەیان لەپای چی تا ئەوکاتەی هیچ کەس لەوانەوە زیانێکی پێنەگات؟

جا ئایا هەر بەڕاستیی دەکرێت هاوڕەگەزبازیی ئازادانە و بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بگەیەنێت، لەگەڵ کۆمەڵگادا بژی؟

زمانی ژمارەکان!

بادەست بکەین بەزمانی ژمارەکان..

با نموونەیەکی دی جیا لەهاوڕەگەزبازیی وەربگرین کە ئەویش خواردنەوەی مەیە..

پراکتیزەکردنی ئازادیی کەسێتی لەخواردنەوەی مەیدا" وای کرد ساڵی ٢٠١٠ و بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانەی لەو بەکارهێنانە زۆرەی مەیەوە بەرهەم دێن، نرخەکەی بەبڕی نزیکەی چارەکێك تریلیۆن دۆلار لەسەر باجدەران لەویلایەتە یەکگرتووەکان بکەوێت.

هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی بەرهەمهاتوو لەجگەرەکێشانەوە لەویلایەتە یەکگرتووەکان، ساڵانە نزیکەی ٣٠٠ ملیاردۆلاری تێدەچێت.

سەبارەت بەهاوڕەگەزبازیش، لەتوێژینەوەیەکی ئەنجوومەنی توێژینەوەی خێزان لەئەمریکا دەربارەی زیانە تەندروستییەکانی هاوڕەگەزبازیی"کە تیایدا پشتی بەئامارەکانی "سەنتەری زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکاندا و خۆپارێزیی لێیان" بەستووە"دووپاتیدەکاتەوە کە: هاوڕەگەزبازیی ئەو کەسانەی پراکتیزەی دەکەن دووچاری ژمارەیەکی زۆر دەردی جەستەیی و دەروونیی دەکات، (بەگەواهی) لێدوانەکانی خودی دەستەکانی پاڵپشتیکەری هاوڕەگەزبازان.

توێژینەوەکە دە خاڵ دەخاتەڕوو بەپێی وەسفی دەستەکانی پاڵشتیکەری هاوڕەگەزبازان کە نەیانتوانی نکوڵی لەڕاستییە پزیشکییەکان بکەن، کە پێویستە هاوڕەگەزبازی پیاو و ژنیش لەگەڵ هاوبەشەکەیاندا بیخەنە بەر باس و گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ نموونە نەخۆشی کەمیی بەرگریی_ئایدز.

ئالوودەبوون بەمادده هۆشبەرەکان و مەیەوە.

خەمۆکیی.

ئەو نەخۆشییانەی لەڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە.

شێرپەنجەی کۆڵۆن و پرۆستات و گونەکان و مەمك.

تا دەگاتە توندوتیژیی خێزانیی.

هەر بەپێی توێژینەوەکە هاوڕەگەبازان لەکەسانی دی زیاتر ئەگەری ڕووبەڕوونەوەی ئەم شتانەیان هەیە.

با تەنها یەك (شت) لەم لیستە تۆقێنەرە وەربگرین ، ئەویش ئەو نەخۆشییانەن کە لەڕێگەی پراکتیزەکردنە سێکسییەکانەوە دەگوازرێنەوە.

دەبینین ئەمیان ساڵی ٢٠١٠ بەبڕی ١٦ ملیار دۆلار لەسەر باجدەرانی ئەمریکی کەوتووە.

ئەم ژمارەیە بەشێکە لەو تێچووەی دەکەوێتە سەر هەموو کۆمەڵگا، بەهۆی پراکتیزەکردنی ئازادی کەسێتی بەشێك لەتاکەکانییەوە، بەبیانوی ئەوەی کە ئەوان زیان بەکەس ناگەیەنن.

ئەمە سەرەڕای ئەو تێڕوانینە کورتبینەی بۆ زیان هەیە کە وای وێنا دەکات تەنها زیانی ڕاستەوخۆی هەبێت.

لێرەدا هەندێك دەپرسن: بۆچی دەبێت من تێچووی چارەسەری کەسانێك لەئەستۆبگرم کە بەویستی خۆیان بڕیاردەدەن شتانێك

ئەنجامبدەن کە زیانی جەستەیی و دەروونییان لەڕووی پزیشکییەوە سەلماوە؟

بۆچی هاوڵاتییەك کە ڕەوشت و ڕەفتاری ڕاست و سەقامگیرە" باجی ئارەزوو و هەڵەشەیی کەسێکی دی بدات کە ناتوانێت ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە؟

بەکردارییش ئەم پرسیارە لەتوێژینەوەیەکدا کە ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکرایەوە، ڕووبەڕووی ٤٠٠٠ بەڕێتانی کرایەوە و تیایدا نزیکەی زیاتر لەنیوەیان پێیان وابوو کە نابێت بیمەی تەندروستیی بێبەرامبەر ئەو کەسانە بگرێتەوە کەبەویستی ئازادی خۆیان ڕەفتارگەلێك ئەنجامدەدەن کە هەڕەشە لەتەندروستییان دەکات، بەدیاریکراویش خواردنەوەی مەی و، جگەرەکێشان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و، ئەو خووە خۆراکییانەی دەبنە هۆی قەڵەویی.

کە ئەمیش واتا مشتومڕ دەربارەی سنوری ئازادیی لەم دەروازە و دەرگایانەوە دووبارە گەڕێندراوەتەوە نێو مەیدانی واقیعی.

بەڵام پرسیارێکی دی لێرەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە: ئایا ئەو کێشەیەی تووشی کۆمەڵگا دەبێت تەنها ئابوورییە؟

بەواتایەکی دی"

گەر بێتو هەر یەکێك لەو کەسانە گەر بەتیۆریش بێت تێچووی ماددیی چارەسەرکردنی خۆی لەو نەخۆشییانە بگرێتە ئەستۆ کە لەخواردنەوەی مەی یاخود سێکسەوە تووشی دەبن"ئایا بەمە کاریگەرییەکانی هاوڕەگەزبازیی لەو سنووردەدا دەوەستن؟

بەداخەوە ! چیرۆکەکە لێرەدا ناوەستێت!

## منداڵی هاوڕەگەزبازان!

پێش چەند ساڵێك، دەنگی دەستە پاڵپشتیکەرەکانی هاوڕەگەزبازیی بۆ داواکردنی ڕێگەدان بەهاوسەرگیریی کردنیان بەرزبوویەوە و، پاش ئەوەی ئەوەیان بۆ بەدی هات، جارێکی دی دەنگیان بەرزبوویەوە و ئەمجارە بۆ داواکردنی ڕێگەپێدانیان بەبنیاتنانی خێزان، ئەویش لەڕێگەی منداڵ گرتنە خۆ یاخود بەکرێ گرتنی منداڵدان، یانیش چاودێریکردنی منداڵی یەکێکیان لەگەڵ هاوبەشەکەیدا لەهەمان ڕەگەز.

دروشمی بەرزکراوەی ئەوکاتیش بریتیبوو لە: "داوای یاسایەك دەکەین ڕێگەبدات بەهاوسەرگیریی کردن بە پێکهێنان و بنیاتنانی خێزان."

بەڵام دروشمێکی لەم جۆرە، گەر پێش چەند دە ساڵێکی پێشووتر بوایە سەیر و ڕیزپەڕ دەردەکەوت، پێش ئەوەی ببێتە مانشێتی یەکەم لەڕۆژنامە گەورەکاندا..بۆچی؟

چونکە هاوسەرانی هاوڕەگەزبازی هەمان ڕەگەز ناتوانن منداڵ بخەنەوە، بۆیە پێویستیان بەبڕیارێکی دادگایە ڕێگەیان بدات یاساکانی سروشت بخەڵەتێنن، تا هەستن بەدروستکردنی خێزان.

بەڵام، گەر مرۆڤ بشتوانێت ، لەودیوی یاساکانی بایەلۆجییەوە بێتەوە وپێچێك بخوات و خێزان لەدوو باوانی نێرەوە بەتەنها یاخود لەدوو ئافرەتەوە دروست بکات، ئایا دەتوانێت ئاڵنگاریی یاساکانی زانستی دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی بکات و منداڵی ئاسایی هاوشێوەی منداڵانی خێزانە ئاساییەکان پەروەردە بکات؟

زۆرێك لەتوێژینەوەکان ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنن کە جیاوازییەکی تێبینیکراوی وەها لەئەنجامی بەدەستهاتووی خوێندن و مەیلی سێکسیی و پێکهاتنی سۆزداریی ئەو منداڵانەدا نییە کە لەخێزانێکدا پێگەییون باوانیان لەهەمان ڕەگەزن!

بەڵێ، ئەمە قسەی ئەو توێژینەوانەیە کە لۆبییەکانی ڕێکخراوە هاوڕەگەزبازییەکان لەفشارکردندا بۆ ڕێگەدانیان بەدروستکردنی خێزان"پشتیان پێ بەستووە!

کەواتە کێشەکە لەکوێدایە!

**(وشهد شاهد من أهلها)، گەواهیدەرێك لەخۆیان گەواهی دا!**

با نموونەیەك وەربگرین و ببینین چۆن بابەتەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات!

"کاتی فاوست"، خانمێکە لەخێزانێکدا کە لەدوو ئافرەت پێکهاتووە و بێ بوونی باوك گۆش بووە، ئێستا سەرکردایەتی هەڵمەتێك دەکات بۆ پاراستنی منداڵان لەو سەرەنجامەی ڕووبەڕووی ئەو بووەتەوە.

کاتی وردتر بابەتە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: "

جێگای بایەخە کاتێك لەبونیادی خێزان دەکۆڵینەوە،کاتێك باس لەدایبابی لەهەمان ڕەگەز ناکەین،زانایانی کۆمەڵناسیی دەچن بەرەو ئەوەی لەسەر سێ شت ڕێکبکەون، یەکەم: دایبابی نابایەلۆجی بەرەو ئەوە دەچن زیاتر کاتیی بن و،کات و وزە و سەرچاوەی کەم لەپەروەردەکردنی منداڵدا وەبەربهێنن و،زیاتر مەترسیدارترن بۆ سەر منداڵان.

دووەم: کاتێك ئەو منداڵانە ڕووبەڕووی شۆکێکی دەروونیی وەکو لەدەستدانی یەکێك لەدایبابیان دەبنەوە،ئەو شۆکە بۆ مەودای درێژ کاریگەریی لەسەر منداڵەکە جێدەهێڵێت.

سێیەم: هەروەها لەسەر ئەوەش کۆکن کە ژن و پیاو لەئەرکی دایك و باوکایەتییدا ڕۆڵی جیاواز و تەواوکەر بۆ منداڵەکانیانن دەگێڕن.

لەبەر ئەمەیە کاتێك باس لەدایبابی لەهەمان ڕەگەز ناکەین،لەدایبابی هەمان ڕەگەزی خێزان ناکۆ ڵینەوە،زانایانی کۆمەڵناسیی لەسەر هەموو ئەم سێ شتە کۆکن.

بەڵام لەناکاو،کاتێك دێین لەو خێزانانە دەکۆڵینەوە کە دایبابیان لەهەمان ڕەگەزن،ئەگەر چی ئەو سێ هۆکارەش هەر هەیە ،منداڵان باشتر مافەکانیان دابین دەبێت.

ئێستا پرسیارەکەی من ئەوەیە کە: ئایا تۆ پێت وایە دەکرێت و ڕەنگە ئەم شتانە ڕاستبن؟ چونکە ئەو توێژینەوانەی وا دەردەخەن کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوو جۆرە خێزانەدا نییە،هەڕەمەکیانە کەسی بەشداربوو بەکارناهێنن و،زۆربەیان کەسانی بەشداربووی توێژینەوەکانیان (بەکرێ گیراون_دەستەمۆکراون)و کەسانی خۆبەخشن؟

کاتی وردتر ئەو بابەتە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت : دووپاتکراوەتەوە و سەلمێندراوە کە کەموکورتی لەو توێژینەوانەدا هەیە کە بانگەشەی نەبوونی جیاوازیی لەدۆخی پەروەردەی ڕۆڵەکانی باوانی هەمان ڕەگەزدا دەکەن، بەنزیکەیی کەموکورتی لەهەموو حاڵەتەکاندا هەبووە و خودی دانەرانی ئەو توێژینەوانە دانیان پیادا ناوە، بەڵام بەدەگمەن لەمیدیا ڕادەگەیەندرێن."

ئەوەشی دەخاتە سەر

کە خودی ئەو منداڵانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت هیچ کەس گرنگی بەگوێ لێ گرتنیان نادات.

ئیدی کەواتە منداڵان چۆن وێنەکە دەبینن؟

زۆربەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوانە لەژنانی سپی هاوڕەگەزبازی خاوەن داهاتی بەرز هەڵبژێردراون،کە لەجیاتی منداڵان هەستاون بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

منداڵ کێشە یاخود وێناکردنێکی جێگرەوەی نەبوو، چونکە ئەو و ئەو منداڵانەی دیکەش کە کاتێك گەورەبوونە و چوونەتە ماڵی هاوڕێکانی قوتابخانەیان و دایك و باوکێکیان تیادا بەدی کردووە و سەرسامی خۆیان

دەربڕیوە، (قەناعەتیان) پێکراوە کە ئەمە شتێکی ئاساییە ئەو باوکی نەبێت، یاخود دایکی نەبێت، یاخود ئەمەیە شێوەی سروشتیی خێزان!

باوکت مردووە ؟

نەخێر

من باوکم نییە،هەرگیز باوکم نەبووە و،هەرگیزیش نامبێت.(پرسیارە لەو جۆرە منالأنە).

بەڵام ئەی ئەگەر توانیمان گوێمان لەگەواهی کەسانێکی پێگەیشتوو لەپیاو و لەئافرەت ببێت، کە لەخێزانێکدا گەورەبوون باوانیان لەهەمان ڕەگەزن؟

پرۆفیسۆر "ڕۆبێرت لۆپێز"مان هەیە لەزانکۆی کالیفۆرنیا، کە لەخێزانێکی پێکهاتوو لەدوو خانمدا گەورەبووە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە دەڵێت : چۆن توانیت لەکەسێکی هاوڕەگەزبازەوە کە لەخێزانێکی هاوڕەگەزبازە بگۆڕێیت بۆ پیاوێکی دروست و هاوسەرگیریی بکەیت و مندالّ بخەیتەوە ؟

زانیم کە هەڵەیەك لەژیانمدا هەیە وەکو هاورەگەزبازێك،هەستمکرد شتێك هەیە خۆم ناچارکردووە ئەنجامی بدەم،کە یەکی نەدەگرتەوە لەگەڵ هەستەکانی ناخمدا،چونکە کاتێك قۆناغی هەرزەکارییم تێپەڕاند و چوومە

بیستەکانی تەمەنمەوە،وام دانا کە هاوڕەگەزبازم یاخود وەك بڵێیت دەمەوێت هاوڕەگەزبازبم،لەپەیوەندیدا بووم لەگەڵ پیاواندا،بەڵام هەستمکرد شتێکی نامۆ هەیە،شتێك لەهەڵگەڕانەوە و دژیەکیی بەرامبەر ئەوەی لەباردوخێکی وەهادابم.لەگەڵ کاتدا ئەو بەتێڕوانین لەوەی کۆمەڵگا دەربارەت دەیڵێت هەستدەکەیت ڕەنگە ترس لە هاوڕەگەزبازیی بێت،یاخود ئەوە بێت من خۆمم قبوڵ نییە.پاشان وەکو شتێکی زۆر تاکەکەسی و تایبە هاوسەرەکەم ناسی و یەکدیمان خۆشویست.ئەو کێشەی نییە لەگەڵ ڕابردوومدا،ئەو قبوڵییەتی من کێم،بۆیە لەخۆمم پرسی من بۆچی لەگەڵ ئەمەدا دەجەنگم؟

لۆپێز لای خۆیەوە بەو جۆرە وەسفی خێزانی پێکهاتوو لەهەمان ڕەگەز دەکات کە پەیوەندییەکی بەندایەتییە، تیایدا دوو لایەن هەڵدەستن بە گێڕانی ڕۆڵی ("گەورە وئاغا") و کڕینی منداڵێك "بەندەیەك" بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیان.

دەکرێت هەندێك پێیان وابێت ئەمانە حاڵەتی تاکن، بۆیە ئاخۆ گەواهیدانی فراوانتر دەربارەی ئەم بابەتە بوونی هەیە؟

ساڵی ٢٠١٦ کتێبێك دەربارەی کاریگەریی پێگەیشتن لەخێزانێکی هاوڕەگەزبازدا لەسەر منداڵان دەرچوو، لەڕێگەی تۆمارکردنی گەواهی حەفتا کەسی پێگەیشتووەوە، کە زۆربەیان چیرۆکی بێزاکەر و

کارەساتبارن، لەنێویشیاندا دانەرانی کتێبەکە هەن، کە یەکێکیان پرۆفیسۆر "لۆپێز"ە و ئەوی دیکەشیان "بێرتنی کلین"خانمە کە لەگەڵ دوو ئافرەتدا گەورەبووە و لێرەدا باس لەهۆکاری پشت دانانی کتێبەکە دەکات.

ئێمە هەوڵدەدەین ڕووبەڕووی هەموو ئەو پیشەسازییانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ببینەوە کە دەڵێت: بوونی دوو باوك وەکو دایك و باوك ئاساییە و کارێکی باشە.ئێمە دەڵێین نەخێر،منداڵان مافیان هەیە و پێویستیان بەدایك و باوك هەیە،ئەوان بەو جۆرە لەدایکبوون.ئەوان ئاوا لەدایکبوون.بۆیە گەر دەتەوێت دەستبکەیت بە ئارگیومێنتی"بەو جۆرە لەدایکبووین"،ئەوا با یەکەمجار لەمنداڵەوە دەست پێبکەین(ئەوان بەو جۆرە لەدایکبوون،لەدایك و باوکێك).

## دەربارەی (باوکی ونبوو)

لەتوێژینەوەیەکدا دەربارەی جۆرێك لەقالۆنچە بەدرێژایی سێ وەچەیان کە لەساڵی ٢٠٠٨دا بڵاوکراوەتەوە، قالۆنچەکان دابەشکراون بۆ سێ کۆمەڵە، کۆمەڵێکیان لەبوونی دایك و باوکدا گەورەبوون، کۆمەڵێکی دییان بێبەش کراون لەباوك و، ئەوی دیشیان لەدایك.توێژەران بینینان کاتێك یەکێك لە دایباب دووردەخرێتەوە، ئەوی تریان تەنها بەو ڕۆڵە هەڵدەستێت کە پێش نەبوونی باوانەکەی دی لەسەر شانی بووە و ناتوانێت

هیچ ڕۆڵیکی دی ببینێت، کەسیان نەیانتوانیوە جێگەی ئەوی دیان پڕ بکەنەوە.

ئەمە دەربارەی قالۆنچە، ئەی دەبێت ڕۆڵی دایك و باوك لەنەوەی مرۆڤدا چۆن چۆنی بێت؟

ساڵی ٢٠١٠ گۆڤاری خێزان و هاوسەرگیریی توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا گەشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی لەو خێزانانەدا کە باوانیان لەهەمان ڕەگەزن، کاتێك باوانەکان لەڕەگەزی نێر دەبن، زۆربەی جار یەکێکیان هەڵدەسن بەدابینکردنی ڕۆڵی مێینەیی.

بەڵام کاتێك هەردووکیان لەڕەگەزی مێ دەبن، ڕوونادات یەکێکیان هەڵبسن بەڕۆڵی باوك .

لەبەرامبەردا منداڵەکە لەبری یەك دایك خۆشەویستی دوو دایکی دەستدەکەوێت، بەڵام وێنەی باوك بوونی نابێ و(غایب)دەبێت.

## لەنەبوونی باوکدا چی ڕوودەدات؟

منداڵ چەندین و چەندینی ئەو ڕۆڵانە لەدەست دەدات کە هیچ کەسێکی دی جگە لەباوك پێی هەڵناستێت.

هەروەك پێشەوای دەروونشیکاریی "سیگمۆند فرۆید" دەیوت: "ناتوانم بیر لەهیچ پێویستییەکی منداڵی بکەمەوە بەهێزتر بێت لەپێویستیی بۆ پارێزگاریی لێ کردنی باوکانە."

## پرسیاری کۆتایی!

ئایا کۆتاییەك بۆ ئەم ڕێگایە هەیە؟

بابەتەکە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیپێکرد، بەداواکردنی لابردنی هاوڕەگەزبازیی (لەڕێنیشاندەری دەستنیشانکاری ئاماریی) تێکچوونە دەروونییەکان و، لەساڵی ١٩٧٣دا ئامانجی یەکەم بەدی هات، داواکارییەکان یەك بەدوای یەکدا دەهاتن و.

هەموو ئەمانەش بەپاڵنەری خۆشەویستی!

ئەوانەش کە دژی ئەم بابەتە بوون هەمان ئەو پاڵنەرەیان بۆ خستنەڕووی چەند پرسیارێك بەکارهێنا.

**ئێمە تەنها هەمان دروشمی هاوڕەگەزبازان بەکاردەهێنین،ئەوەی کە هەموو جۆرەکانی خۆشەویستی یەکسانن،خۆشەویستی هەر خۆشەویستییە،هەر لەبەر ئەمە من دەمەوێت هاوسەرگیریی لەگەڵ منداڵەکەی خۆمدا بکەم.**

## هاوڵاتییەکی ناڕازی

**گەر مافی هاوسەرگیریی درێژببێتەوە تا هاوڕەگەزبازانیش بگرێتەوە،ئەی کەواتە بۆچی فرەژنی و،ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ ئاژەڵانیشدا ناگرێتەوە؟ سەرەنجاممان دەگات بەکوێ؟**

## ناڕازییەکی تر

ئەم پیاوە بەڕاستی خاڵێکی گرنگی وروژاند.

چونکە فرەژنی یەکێکە لەبەربڵاوترین شێوەکانی هاوسەرگیریی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی.بگرە پێکهاتەی توێکاریی و فسیۆلۆجی ڕەگەزی نێری مرۆڤ ئامادەیە بۆ فرەژنی، بەپێچەوانەی پێکهاتەی توێکاریی و فەرمانیی مێیینەی مرۆڤەوە.

سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەڵساون بەسەپاندنی یاساگەلێك کە "ئازادیی ئەم پراکتیزەکردنە سروشتییە لەگۆشەنیگای زانستی ئەنپرۆپۆلۆجیاوە" سنورداردەکات، تەنانەت گەر بەڕەزامەندیی هەموو لایەنە پێگەیشتووەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەش بێت.

لەوە دەچێت یاساکانی مرۆڤ هەوڵبدەن پێچەوانەی یاساکانی سروشت بجولێنەوە!

ئایا ئەمە وێنەیەکە لەوێنەکانی هەڵگەڕانەوە بەسەر ئەو بڕیارەدا که دروستکار داویەتی؟

ئەگەر هاوڕەگەزبازیی مافێك بێت لەمافەکانی مرۆڤ وەکو هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن و، ڕەفتارێکی ئاسایی بێت، لەگیاندارانداا هەبێت و مرۆڤیش لەدێر زەمانەوە پراکتیزەی کردبێت، گەر بابەتەکە بەمجۆرە بێت کەواتە کێشە نییە گەر زۆربەی مرۆڤایەتی پراکتیزەی بکەن!بگرە کێشەنابێت گەر هەموو مرۆڤایەتی پراکتیزەی بکەن!

ئایا وانییە؟

جا ئایا مرۆڤەکان ئازادن ببنە هۆکاری هەموو نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان بۆ خۆیان و بۆ ئەوانی دی، تا هەموو ڕۆژێك خاکی نوێ و ئیمتیازی نوێ بەدەست بهێنن و منداڵی زیاتر هاوردەبکەن تا بەزۆرەملێ ئەوانیش بخەنە نێو هەمان بازنەی ناسۆرەوە؟

ئایا بەم زووانە لەسەرمان پێویست دەبێت پارێزگاریی لەشێوە کلاسیکییەکەی خێزان لەدایك و باوکێك بکەین؟

ئایا مرۆڤەکان ئازادن ڕەوایەتی بدەن بەڕەفتار و پراکتیزەکردنێك کە گەر لەنێو زۆرینەی خەڵکدا بڵاوبوونەوە ئەوسا ژمارەی لەدایکبوونەکان

بەپلەبەندیی کەمدەکەن تا لەکۆتاییدا دوایین بەشەکانی ژیانی ڕەگەزی مرۆڤ بنووسرێتەوە؟

ئایا مرۆڤەکان ئازادن خۆیان لەناوبەرن؟

﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ ﴿وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُم وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا﴾ ﴿يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُم وَخُلِقَ الإِنسَانُ ضَعِيفًا﴾ النساء: ٢٦، ٢٧، ٢٨.

# گۆڕینی ڕەگەز و خۆکوشتنی مرۆیی

ڕوبی لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا وەکو نێرێك ناسێندرا،ئێستا کە تەمەنی بیست و یەك ساڵە و پلانی چوونە ژێر نەشتەرگەریی لادانی مەمکەکانی هەیە.بەڵام لەمانگی پێنجدا بڕیاری وەستاندنی لەوەرگرتنی هۆڕمۆنی نێرەکی (تێستێستیرۆن) و،هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی گۆڕینی ڕەگەزی دا،تا دووبارە وەکو مێیەك بناسێندرێت،کە ڕەگەزی کاتی لەدایکبوونییەتی!

ئاماری ورد دەربارەی ڕێژەی ئەو کەسانەی بەدەست تێکچوونی بەدەست ناسازیی شوناسی ڕەگەزییەوە لەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا دەناڵێنن"بەردەست نییە، بەڵام دەوربەری نیوە لەسەدە.

شێوە شوناسی ئامادەیی ڕەگەزیی چییە و؟ کێین ئەو کەسانە ڕەگەزیان گۆڕیوە و؟ بۆچی بەو جۆرەی لەگەڵ هاوڕەگەزبازاندا کرا"ئەمانیش لەڕێنیشاندەری تدەستنیشانکاری نەخۆشییە دەروونییەکاندا نەسڕێندراونەتەوە .

بۆچی هەندێك لەهاوڕەگەزبازان لەهاوبەشی کۆمەڵگای (LGBT)ڕەتیاندەکەنەوە؟

## ناسازیی شوناسی ڕەگەزیی

لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا زاراوەی "جێندەر" یاخود "جۆری کۆمەڵایەتی" بۆ جیاکردنەوەی لەجۆری بایەلۆجیی یاخود ڕەگەز"دەرکەوت.

بەڵام بەهەرحاڵ هەر کەموکورتییەك لەنێوان ئەو دوو جۆرەدا لەژێر چەتری نەخۆشییە دەروونییەکاندا پۆلێنکرا، بەجۆرێك هەردوو بڵاوکراوەی(چاپی) سێیەمی ساڵی ١٩٨٠ و چوارەمی ساڵی ١٩٩٤ی ڕێنیشاندەری دەستنیشانکەری نەخۆشییە دەروونییەکان(DSM)"زاراوەی ناسازیی یاخود کەموکورتیی شوناسی ڕەگەزیی Gender identity disorder)وەکو چەترێك کە چەند نەخۆشییەکی دەروونیی دی لەژێریدا کۆدەبنەوە"لەخۆگرت.

دواتر و لەنوێترین بڵاوکراوەدا بابەتەکە دەستکاری کرا و، لەپێنجەمین (کۆپی) ساڵی ٢٠١٣دا زاراوەی Gender) dysphoria)_ناڕازییەتی لەشوناسی ڕەگەزیی)جێگیرکرا، کە بۆ ماوەی چەندین سادە ئاماژەی بەڕەگەزSex_، دەکرد.هەروەك وەسفی"ڕەگەزی بایەلۆجی کە شریتی بۆماوەیی دیاری دەکات و، لەسەر شێوەی دەرەوە وەکو جۆرێك کە هیچ دەستێکی تاکی تێدانییە دەردەکەوێت و ناتوانێت بیگۆڕێت" گۆڕا بۆ ناوی نوێی "جۆری زانراو" یاخود ئەو جۆرەی لەکاتی

لەدایکبووندا زانراوە و پێناسەکراوە، Assigned gender or sex at birth.

ئەمە واتا چی؟ !

ئەمە واتای ئەوەیە چیدی جۆری بایەلۆجییت هیچ پەیوەندییەکی نییە بەمەیلی سێکسیتەوە و، "سەپاندنی جۆرێکی بایەلۆجی"بەسەرتدا ئەوە ناگایەنێت کە تۆ ناچاریت قبولّی بکەیت، بەڵکو هەرکات بتەوێت دەتوانیت بیگۆڕیت!

هەروەك پاش ئەوەی ناسازیی شوناسی ڕەگەزیی بەنەخۆشییەکی دەروونیی داندرا کە چارەسەری هەیە، ئێستا ئیدی ڕۆڵی (پزیشکی دەروونیی) ئەوەیە دڵنیابێتەوە لەوەی کە "کەس"ی ناڕازی لەجۆری بایەلۆجی خۆی"خاڵییە لەهەر نەخۆشییەکی دی دەروونیی کە دەکرێت ببنە هۆی هەمان نیشانەکانی ناسازیی شوناسی ڕەگەزیی، هاوشێوەی شێتیی و سکیزۆفرینیا و ناسازیی شوناسی کەسێتی یاخود ناسازیی چەندکەسێتی و ئۆتیزم و، ناسازیی شێواویی جەستەیی و چەند نەخۆشییەکی دی.

بەڵام هەموو ئەم دەردەسەرییان لەپای چی..گۆڕینی زاراوەی پزیشکیی و جێگیرکردنی زاراوەی نوێ و، یاریکردن بەشوناسی بایەلۆجی مرۆڤ؟ !

بۆچی هەر بەو جۆرەی مامەڵەیان لەگەڵ هاوڕەگەبازییدا کرد مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەشدا ناکەن و"بەیەکجاریی لەڕێنیشاندەری تەشخیصی و ئاماریی ناسازییە دەروونییەکان لاینابەن؟

یاخود ئەوەتا هۆکارێك لەپشت هێشتنەوەی لەسەر ئەم جۆرە دەستنیشان کردنانە لەنێو پەڕەکانی سەرچاوە پزیشکییەکاندا و لانەبردنی هاوشێوەی هاوڕەگەزبازیی"بوونی هەیە.؟

## کێشەیەکی لیستی نرخ(فاتورە !

چارەسەرکردنی تووشبووی ناسازیی شوناسی ڕەگەزیی"بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لەدیاریکردنی حاڵەتەکە کە پێوەرەکانی لای هەرزەکاران جیاوازە وەك لەپێوەرەکانی لەمنداڵاندا"پێویستی بەچەندین دانیشتن و سەردانی پزیشکی و پشکنینیی دەرونی هەیە.

پاشان چارەسەرییەکی هۆڕمۆنیی بۆ ماوەیەك کە دەکرێت بگاتە دوو ساڵ، تیایدا چەندین شیکاریی و پشکنینی پزیشکیی دەکرێ.

هەروەها چەندین جەلسەی دواندن بۆ گۆڕینی تیژی دەنگ(گڕی و ناسکییەکەی) و، چەند سەردانیکردنێکی دی بۆ لابردن یاخود چاندنی موو،

تا دەگاتە خاڵی نەگەڕانەوە کە ئەویش پرۆسەی گۆڕینی ڕەگەزە بەنەشتەگەریی!

بوەستە!

ئەمە کۆتاییەکەی نییە!

بەڵکو سەرەتای بەدواداچوونێکی خولیی و بەردەوامی لای پزیشکی دەروونیی پسپۆڕە "بەدرێژایی ژیان"، هەروەك سەرەتای پڕاکتیزەکاری گشتییشە بۆ پشکنینی خولیی بۆ هەندێك نەخۆشیی ئەندامیی"کە بەهۆی ئەوەی لەم جۆرەکەسانەدا جەستە ڕووبەڕووی بڕەژەمی زۆری هۆڕمۆنەکانی ڕەگەزی جیاواز لەو ڕەگەزە سروشتییە دەکرێتەوە کە شریتی بۆماوەیی دیاریدەکات"ڕێژەکەیان زیاترە، نموونەی ئەو نەخۆشییانەش وەکو نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی کۆڵۆن و پرۆستات و مەمك .

تێچووەکان بەگوێرەی حاڵەتەکان دەگۆڕێن بەڵام ئێمە باس لەژمارەگەلی قەبە دەکەین.

دەکرێت تێچووەکە بەپێی"لیستی داواکارییەکان" بگاتە سەد و چل هەزار دۆلای ئەمریکی بۆ هەر حاڵەتێك!

لەکاتێکدا تێچووی نەشتەرگەریی و چاودێرییەکە لەشانشینی یەکگرتوو دەگاتە دەوربەری بیست هەزار جونەیهی ئیستەرلینی.

پرسیارەکە ئەوەیە کە : کێ ئەم تێچووانە لەئەستۆ دەگرێت؟

فەرموو تۆ و ئەم ڕاپۆرتە لەدەستەی ئەمریکی بۆ پزیشکیی دەروونییەوە"بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە..

"کاتێك بابەتەکە پەیوەستە بەدەستکەوتنی چاودێری تەندروستییەوە، ئەوا زۆرێك لەهەڵبژاردەکانی چارەسەر بۆ ئەم حاڵەتە ڕاوێژکاریی پزیشکیی و، چارەسەریی بەهۆڕمۆنەکان و، نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز و، گواستنەوەی کۆمەڵایەتیی و یاسایی بۆ ڕەگەزی خوازراو دەگرێتەوە.

بۆ ئەوەی بیمەی پزیشکیی بەدەست بهێنیت ، سەرەتا پێویستت بەتەشخیصکردنی پزیشکییە!

تیمی پزیشیکیی ناسازیی ڕەگەزیی دڵەڕاوکێی ئەوەیان هەبوو کە لابردنی تەشخیصی پزیشکیی"دەکرێت ببێتە ڕێگر لەپێشکەشکردنی چاودێریی پزیشکیی و بیخاتە مەترسییەوە.

بەشێك لەلابردنی لەکەکە هەڵبژاردنی وشەی گونجاوە.گۆڕینی "ناسازیی" بۆ زاراوەی "dysphoria" لەناونە تەشخیصییەکەدا"نەك

تەنها گونجاوتر و تەباترە لەگەڵ زاراوەکانی زانستی کلینیکیی ڕەگەزییدا، بەڵکو ئاماژەی "ناسازیی" و بوونی ناتەواوییش لەنەخۆشەکەدا ناهێڵێت.

کەواتە..پێدەچێت پێویستیی بوونی کەسانێك تێچووی ئەو لیستی نرخە دابین بکەن هۆکاری پشت هێشتنەوەی ئەو تەشخیصەیە تا ئەم ساتە!

هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی ئەم تێچووە گرانبەهایانە لەلایەن باجدەرانەوە"بەهۆی فشاری توندی سەر خزمەتگوزاریی "بێبەرامبەر""بووەتە هۆی گەورەبوونی لیستی چاوەڕوانی.

دەشکرێت ئەمە هاوڕێ لەگەڵ ڕۆڵی گروپەکانی فشاردا ببێتە هۆی زوو گەیشتن بەبڕیاری نەشتەرگەریی، یاخود وەرگرتنی حاڵەت بۆ ناو نەخۆشخانە لەژێر ئەم تەشخیصەدا و، بەبێ پەیڕەوکردنی ڕێکارە دەستنیشانکارییە پێویستەکان.

ئەمە حاڵەتی کوڕێکە کە وەکو کچێك تەشخیصکراوە و ناسێندراوە و، پاشان چارەسەریی هۆڕمۆنیی پێدراوە و خراوەتە ژێر نەشتەرگەریی چاندنی مەمکەوە، دواتر بۆی دەرکەوتووە کە ئەو کوڕە و ئێستا دەیەوێت نەشتەرگەرییەکی دی بۆ لابردن و هەڵکێشانی مەمکەکان ئەنجامبدات.

کاتێك پرسیاری لێکرا کە ئاخۆ پزیشکەکان لەتەشخیصکردنەکەیدا هەڵەیان کردبێت، وەڵامی دایەوە کە نەخێر .

چونکە ئەو کات من ئەوەم دەویست.

## پەشیمانییەکی زۆر درەنگ وەخت!

ئەو کوڕە تاکە حاڵەت نەبوو هەستی بەپەشیمانی کردبێت، سەرەڕای بانگەشەی هەندێك کە گوایە حاڵەتی پەشیمانی لەناو ئەو کەسانەدا کە ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە بوونی نییە یاخود ڕێژەکە ٪٢ تێناپەڕێنێت، بەڵام "واڵت هایەر" بۆچوونێکی دی هەیە.

" لەنیسانی ساڵی ١٩٨٣دا نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەزم ئەنجامدا.بۆ ماوەی هەشت ساڵ وەکو ئافرەتێك ژیام و، ماوەی چارەکە سەدەیەکیشە گەڕاومەتەوە سەر حەقیقەتی خۆم وەکو پیاوێك.

ئەو ڕاستییە فێربووم کە هۆڕمۆنەکان و نەشتەرگەریی دەکرێت شێوەی دەرەکییت بگۆڕن، بەڵام هیچ شتێك حەقیقەتی جێگیری ڕەگەزەکەت ناگۆڕێت."

واڵت پێگەیەکی لەئینتەرنێتدا بۆ یارمەتیدانی ئەوانی دی دروستکردووە.

هەروەك هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی وتاری هۆشیارکەرەوە دەربارەی مەترسیی گۆڕینی ڕەگەز بەتایبەت لەسەر منداڵان.

زۆر حاڵەتی دی هاوشێوە هەن کە کەسەکە پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەریی و، گەیشتن بەخاڵی نەگەڕانەوە هەستی بەپەشیمانی کردووە، پاش ئەوەی بەویستی ئازادی خۆت دەستبەرداریی کۆئەندامی زاوزێی خۆت دەبیت و، لەنێوان شوناسێکی نوێی نامۆ و شوناسە بنەڕەتییەکەتدا کە شێوێندراوە ون دەبیت.

بەنێریی لەدایکبووم، لەتەمەنی نۆزە ساڵیدا وەکو مێیەك دەستم بەژیان کرد،لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەزم ئەنجامدا.ئێستا وا بیست و هەشت ساڵە وەکو ژنێك دەژیم و من بەتەواویی لەمە پەشیمانم.

ئەمە "ڕینی جاکسە."

چەند کتێبێکی داناوە لەوانە: "سواری فڕۆکەکە مەبە !نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز ژیانت وێران دەکات."

هەروەك ئەم نەشتەرگەرییانەی بە"شێواندنی ڕەگەزیی کە بەهۆی شکستی پزیشکان لەڕێگریی لێکردنیدا تووشی هەزاران نەخۆش بووە"وەسفکردووە! و بڕوای وایە هەڵەیە شتێك لێکەیتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزت بگۆڕیت.

کەواتە بۆچ حاڵەتەکانی پەشیمانیی ڕوودەدەن؟ ئایا بەهۆی پەلەکردنە لەتەشخیصکردندا؟ یاخود هۆکاری تری دەروونیی تر لەپشت بابەتەکەوە هەیە؟

پرۆفیسۆر "جۆن وایتهۆل"، ڕاوێژکاریی پزیشکیی منداڵان لەئوستورالیا دەڵێت:

پێم وایە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە زۆربەی ئەو منداڵانەی سەرلێشێواویی ڕەگەزییان هەیە،ئەوە بەشێکە لەقۆناغی گەشەکردنی دەروونیی سروشتیی منداڵ و،شتێکی نامۆ و دەگمەن نییە منداڵ بەرامبەر شوناسەکەی سەرلێشێواوبێت.هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەوان گەشەدەکەن و لەو سەرلێشێواوییە ڕزگاریان دەبێت،گاڵتەیان پێمەکە!

"منداڵان لەم قۆناغەی تەمەندا ٣_٧ساڵان، پێیان وایە دەکرێت ڕەگەز بگۆڕدرێت، هەروەك بەزەحمەت درك بەوە دەکەن کە جیاوازیی لەنێوان جەستەی نێر و مێدا هەیە.پاشان منداڵ دەست دەکات بەدرك کردن بەوەی کە ڕەگەز سیفەتێکی جێگیرە و ناگۆڕێت.هەرچەند هەندێکیشیان

پێیان وایە کە تەنها بەگۆڕینی ڕووکەشی و ڕەفتارەکانی لەیاریکردندا"دەگۆڕێت بۆ ڕەگەزەکەی دی."

بەڵام ئایا دۆخەکە بەتەنها لەهەستکردن بەپەشیمانیدا دەوەستێت؟

لەتوێژینەوەیەکی سەنتەری ڕووبەڕووبوونەوەی خۆکوشتن دەربارەی تێکڕاکانی خۆکوشتن بەپێی هەمەجۆریی ڕەگەزیی لەکەنەدا، دەرکەوتووە کە بەراورد بەپیتەکانی تری کورتکراوە ناودارەکەLGBT ، ڕێژەکە لای "ترانسجێندەر"ان بەرزترینە.

## لەنێوان LGB وT دا!

باشە، کەواتە جیاوازیی هەیە و، هەندێك لەئەندامانی ئەم بزاوتە لیبڕالییانە ئاسوودەنین بەبوونی ترانسجێندەر لەناویاندا.بەڵام بۆچی؟ ئایا لەبەر ترسە لەشتێکی دیاریکراو؟ یاخود ئەوەتا گۆڕینی ڕەگەز سەرەنجامی "مەترسیدار"ی لەسەر کۆمەڵگا هەیە؟

تا ئەمڕۆش لەیارییە وەرزشییەکاندا و بەمەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەریی"ئەو دوو ڕەگەزە لەیەکدی جیادەکرێنەوە، چونکە یەکسانیی لێرەدا"بەهۆی بەهێزیی پێکهاتەی ماسوولکەیی پیاو و توانای

بەرگەگرتنییەوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆڕۆمۆنی تێستێستیرۆن، لەزۆرێك لەوەرزشە جەستەییەکاندا ستەم لەئافرەت دەکات.

چی ڕوودەدات کاتێك نێرێکی تەواو کاملی بایەلۆجی"کاغەزێکی یاسایی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەکو ئافرەتێك بەدەست دەهێنێت؟

بەڵێ، پێویستە لەسەر دەستە و تاکەکان یاسا جێبەجێ بکەن و وەکو ئافرەت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن! لەناویشیاندا دامەزراوە وەرزشییەکان، بەڵام ئەمە تووشی ستەمکردن لەئافرەتە بایەلۆجییەکانی دەکات، چونکە ئەوان خەریکن ڕکابەریی "ئافرەتێك" لەجەستەی نێرێکدا دەکەن!

بەڵام زۆرانبازییە وەرزشییەکان تەنها (زەڵاتەن)، ئەی خودی کێشە یاساییەکان خۆیان چی ؟

ئەو نێرەی بەکاغەزێکی دادگا خۆی گۆڕیوە بۆ ئافرەت تەنانەت گەر نەشتەرگەرییشی ئەنجام نەدابێت دەتوانێت بچێتە ناو (تەوالێت)ی تایبەت بەئافرەتان و ژووری خۆگۆڕینی کچانەوە، ئیدی دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوی خۆت کە بەبەدەستهێنانی ئەم ڕێگەپێدانە یاساییە تەنانەت بەبێ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی یاخود چارەسەریی هۆڕمۆنیی تەواو "دەکرێت هەندێك گورگی مرۆیی لەپیاوان چ کارێك ئەنجامبدەن؟ !

ئێستا ئیدی کاروبارەکان خەریکە ڕێڕەوێکی مەترسیدار دەگرنەبەر!

بگرە ئەی ئەگەر یەکێك لەم ترانسانە، چ ژن بێت چ پیاو تاوانێکی ئەنجامدا؟ دەدرێتە زیندانی ژنان!

ئەوسا دەکرێت سەردێڕی سەیری وەکو ئەمە بخوێنینەوە، کە باس لەپیاوێك دەکات ڕەگەزی گۆڕیوە و براوەتە زیندانی ژنان و لەوێ دەستدرێژیی سێکسیی کردووەتە سەر هەندێکیان.

دەی کاردانەوەکانی ڕێکخراوەکانی LGBT کە بە کۆمەڵگەی ڕەگەز گۆڕ دەناسرێن لەسەر ئەم مەترسییانە چی بوو؟

لەلیژنەی LGBT دەرکرام وەکو تاقە ژنی هاوڕەگەزباز کە ئاماژەی بەهەندێك ڕاستیی بایەلۆجی دابوو،پاش چەند مانگێك تۆمەتی توندوتیژییم درایەپاڵ،تاوانەکەشم ئەوەبوو جێناوی نێرینەم لەوەسفکردنی نێرێکی دەستدرێژیکەردا بەکارهێنا،کە ئەو خۆی بەترانسجێندەر دەناسێت و پێی باشترە جێناوی مێینەی بۆ بەکاربهێندرێت.

کێشەی بەکارهێنانی جێناوی دوێندراو بەگوێرەی خواستیش“بەهەمان شێوە فشاری لەسەر زانای دەروونناسی کلینیکی،

پرۆفیسۆر "جۆردان پیترسۆن" دروستکرد و ناچاری کرد ساڵی ٢٠١٨ واز لەوانە وتنەوەی لەزانکۆ بهێنێت.

ئایا بڕوات وەهایە ئافرەتێکی ترانسجێندەر ئافرەتێکی ڕاستەقینەیە؟

نەخێر؟

بۆچی نەخێر؟

چونکە من باوەڕم وەهایە کە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن سکپڕبن و منداڵیان ببێت و کۆئەندامی مێیینەیان هەیە،

شریتی بۆماوەییان ڕەنگڕێی ئێکس ئێکس لەخۆ دەگرێت، باوەڕیشم وەهایە جیاوازییە بایۆلۆژییەکان گرنگن.

ئەو ڕێکخراوانەی هەمیشە هاواری کۆمەڵگایەکی ئازادیان دەکرد کە ڕێزی کەسی بەرامبەری جیاواز بگرێت، هەر خۆیان دڵرەقیی و توندوتیژیی و دوورخستنەوەیان تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی خۆشیاندا پیشانداوە!

ئایا دەتوانرێت گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆز و دڕکاوییە بەبێ ترس لەدڕندەیی ئەو ڕێکخراوانە کە چەکی "ترس لەترانس

"Transphobia"یان بەڕووی هەرکەسێکدا کە لەدەرەوەی ڕێگا کێشراوەکەیاندا بیربکاتەوە بەرزکردووەتەوە"بکرێت؟  تەنانەت گەر ئەو کەسە یەکێك بوو لەقوربانیەکانیشیان!

ڕۆبیتان بیرە کە ئەڵقەکەمان بەو دەستپێکرد؟

تا ئێستا ئامارێك لەسەر ژمارەی ئەو کەسانە لەترانسجێندەران نییە کە لەنەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز پاشگەزدەبنەوە و،ڕەنگە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە وەکو ترس لەترانس تەماشابکرێت.

بەڵام کەسانی وەکو ڕوبی پێیان وایە پێویستمان بەگفتوگۆی زیاتر و،هەڵبژاردەی زیاتر هەیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە.

## پیتی زیاتر!

سەرت نەسوڕمێ گەر بزانیت کە کورتکراوەی ناوداری LGBT هێشتاش گەشەدەکات و زۆردەبێت.

ئاخۆ بەم نزیکانە هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی مەیلە سێکسییە ڕیزپەڕەکانی هاوشێوەی "زینای مەحرەمان" دەبینین؟

یاخود سێکس کردن لەگەڵ ئاژەڵاندا، کە ئێستا لەزۆرێك لەویلایەتە ئەمریکییەکان و چەند وڵاتێکی تری وەکو ئەڵمانیا و هەنگاریا و مەکسیك کارێکی ڕێگەپێدراوە، یاخود سێکس کردن لەگەڵ لاشەی مردوودا!

دەکرێت هەندێك هەست بەغیابی تەواوەتی خودا (پاکی و بێگەردیی بۆ ئەو) بکەن، بەڵام گەر لەگۆشەیەکی ترەوە لەبابەتەکان بڕوانین دەبینین خودا لەدیمەنەکەدا بوونی هەیە و زۆر بەبەهێزییش!

ئەوەی تا ئێستا نیشانماندا وەك بڵێیت پەیامێکی هەڵگەڕانەوەی ئیبلیسییە بۆ خودا، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە: ئێمە پێچەوانەی یاساکانی تۆ دەجووڵێینەوە ! دەنگی ئەقڵ یاخود دەنگی زانست یا دەنگی زانستی پزیشکیی گرنگ نیە.گرنگیی ئامارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان یا تاوانە یاساییەکان یانیش حاڵەتەکانی خۆکوشتن نادەین.گوێ بۆ هاوار و ناڵەی قوربانیانی ئەم بابەتانە ناگرین.

هەر دەڵێیت ئەو کەسانە لەپشتی کامێرەی ئەم ڕێکخراوانەوە دەوەست ئەم ئایەتانەیان خوێندووەتەوە : (والذين هم لفروجهم حافظون إلا علي أزواجهم أو ما ملكت أيمانهم فإنهم غير ملومين فمن ابتغي وراء ذلك فأولئك هم العادون) المؤمنون٥-٧.

خوێندوویانەتەوە و وەڵامەکەیان بریتیی بووە لە: بەڵێ، ئێمەین بەزێنەرانی سنوورەکانی تۆ!

# هاوڕەگەزبازیی و یاسادانانی ئیسلامیی و ڕوویەکی تری دراوەکە

"جعلنا عاليها سافلها و أمطرنا عليها حجارة من سجيل"

واتە: سەراوژێرمان کرد و بەردی گڵێنمان بەسەردا باراندن.

"لعن اللة من عمل عمل قوم لوط"

واتە: خودا نەفرەتی کردووە لەو کەسانەی کردەوەی گەلی لوگ ئەنجامدەدەن.

"فاقتلوا الفاعل و المفعول بة[1]"

واتە: بکەرەکە و ئەوەشی کارەکەی لەگەڵدا کراوە بکوژن.

زۆرینەی خەڵکی پەیوەندی ئیسلام بەپرسی هاوڕەگەزبازییەوە لەنموونەی ئەم دەقە پیرۆزانەدا قەتیس دەکەن!

جا ئایا پەیوەندی ئیسلام بەپرسی هاوڕەگەزبازییەوە تەنها لەڕووبەڕی بەرلێگرتن و سزادا کورتدەبێتەوە و لەوە تێپەڕناکات؟ !

[1] ئەمە پرسێکە لەڕووی فیقهییەوە قوڵترە لەوەی ئامادەکار ئاماژەی پێداوە و دواتر خۆیشی سەرنجی تر دەخاتەڕوو لەدێڕی دوای ئەمەدا و ڕێگە چارەی قوڵتر پێشنیار دەکات لەو تێگەیشتنەی هەندێ کەس بەسادەیی دەیخەنەڕوو. پ

یا ئەوەتا دراوەکە ڕوویەکی تریشی هەیە؟ !

## جیاوازیی پێگەکان

ئەگەر هاوڕەگەزبازیی زاراوەیەك بێت شەبەنگێکی فراوان لەئاستی جیاواز بگرێتەوە کە هەندێکیان بەتاوانی هەندێکی تریانەوە سووتابن.

ئەوا ئاستی یەکەم لەبیرکردنەوەکان و مەیلە خۆنەویستەکانەوە.دەست پێدەکات..

پاشان درێژ دەبێتەوە بۆ هەڵەکانی پراکتیزەکردنی کرداریی کە هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ ڕووبەڕوونەوەی خود و تێکۆشان لەدژی ئەو کارانەدا..

یاخود درێژدەبێتەوە بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ ئەم کارەدا کە بەیەکێك لەگەورەترین تاوانەکان دادەنرێت..

هەندێکیش چیدی باس لەڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی دەکەن..

یاخود تەنانەت دەگاتە دەرچوون لەئایین بەڕەتکردنەوەی ئەوەی کە لەیاسای ئیسلامدا ئەم

کارە بەتاوان دانراوە و، دژایەتی کردنی بڕیاری خودا لەقەدەغەکردنیدا.

یەکێك لەشوێنەوارەکانی ڕەحمەتی خوداشکە لەهەمووان زاناترە بەدەروونی دروستکراوانیئەوەیە کە مرۆڤ تەنها لەکاتی ویست و هەڵبژاردندا تاوانی لەسەر هەژمار دەکرێت.

هەر لەوەشەوەیە کە لقەکانی شەریعەت و یاسای ئیسلام سنوورێکی جیاکەرەوەی لەنێوان مەیل و ئارەزووەکانی دەروون و وەسوەسەکانی دڵ و، لەنێوان ئەو کردارانەدا داناوە کە مرۆڤ بەتەواویی ویستی خۆیەوە بەرەو ڕوویان دەچێت و ئەنجامیان دەدات.

پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت فەرموویەتی: "خودای گەورە قەڵەمی عەفوی هێناوە بەسەر ئوممەتەکەمدا لەو وەسوەسانەی دا کە دێت بەدڵیاندا، تا ئەوەندەی نەیکەینە کردەوە یاخود بەزمان دەرینەبڕن."

مەیل و وەسوەسەکانی دەروون دەکرێت چەندین هۆکاری هەبێت کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤن..

هەستیارییەکی سروشتیی..

ژینگەیەکی خراپ..

پەروەردەیەکی شێواو..

دەستدرێژیگەلێك شوێنەواریان لەسەر پەڕەی نەست جێهێشتووە..

وەسوەسەکانی شەیتانی "ئینس" و "جن" و، فێڵ و تەڵەکەی شەو و ڕۆژیان!

هەموو ئەمانە دەکرێت مەیلی سۆزداریی و سێکسیی ڕیزپەڕی وا لەدڵی مرۆڤدا بڕوێنن کە خۆشی نەزانێت چۆن بەدەرگای دڵی ئەودا تێپەڕیون!

هەموو ئەمانە بەشێکن لەتاقیکردنەوەی ژیانی تایبەتی هەر مرۆڤێك کە (مەردانە) لەمەیدانی دونیادا دەجەنگێت..

بەرامبەر دەروون و کەموکورتیی و ئازار و شێواویی و فیتنەکانی دەکۆشێت تا دەگاتە کەناری ڕزگاریی..

هەموو ئەمانەش پاساوی گواستنەوەی لەخانەی مەیل و وەسوەسەوە بۆ خانەی کردار بۆ ناهێنێتەوە ! و تەنانەت گەر ئەمەش ڕوویدا هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە دەرگای گەڕانەوە داخراوە..

هەتا هەناسەکانی ژیان کۆتاییان دێت!

# نێر وەکو مێ نییە

یەکێك لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی هاوڕەگەزبازیی، تەمومژاویی بوونی خودی شوناسی ڕەگەزیی و، توانەوەی سنووری نێوان نێر و مێ و، غیابی هەستکردنە بەجیاوازیی نێرینەیی پیاوانە.

شوناسی ئیسلامییش جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەکات .

تیایدا هەردوو لا سروشت و خەسڵەتی خۆیان هەیە.

کوڕ هەر لەکاتی هەر لەسەرەتای هەستکردتیەوە نەرمی نینۆکەکانییەوە دەبینێت سەر بەکۆمەڵگای پیاوانە،

لەگەڵ بەخێوکەرەکەیدا دێتە مزگەوت و وەکو یەکێك لەوان تێکەڵی پیاوان دەبێت و لەئیسلامدا مامەڵەی پیاوی لەگەڵدا دەکرێت.هەروەها پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت گەر بیوستایە گەورەکان لەشتێکدا پێش بخات سەرەتا مۆڵەتی لەمنداڵان وەردەگرت و، بەلای منداڵاندا بڕۆشتایە سڵاوی لێدەکردن، بەڵکو منداڵێکی بچکۆلەی کرد بەپێشەوای گەلەکەی خۆی.

هەرچی کچیشە ئەوا لەدایکی و لەکۆمەڵگای ئافرەتان نزیکترە و، زیاتر پەیوەستە بەواتاکانی داپۆشراویی و شەرم و ناسکیی و جوانی و هتد .. هەروەك ئەویش لەنێویاندا وەکو ئافرەتێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

پزیشکیی دەروونی نوێش حاڵەتی وروژانی سێکسیی لەڕێگای لەبەرکردنی جلی ڕەگەزی بەرامبەرەوە بەCross dressingوەسف دەکات.کە لای هەندێك منداڵ ڕوودەدات و دەکرێت لەگەڵ زۆرێکیاندا وەکو لادانێکی ڕەفتاریی سێکسیی کە بە Transvestimناودەبرێت"تا گەورەییش دەکرێت بەردەوام بێت.کە بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بەناسازییەکانی شوناسی ڕەگەزیی بەجۆرە جیاوازەکانییەوە.

هەر لەبەر پاراستنی سنووری ڕوونەکانی شوناسی ڕەگەزییش، ئایینی ئیسلام قەدەغەی کردووە ڕەگەزێك خۆی بەڕەگەزەکەی دی بچوێنێت، تەنانەت لەنێو منداڵانیشدا، کاتێکیش ئیبن مەسعود خودای لێی ڕازی بێت کوڕێکی خۆی بینی کراسێکی حەریری لەبەردایە دڕاندی و پێی وت: "ئەمە هی ژنانە" و پێشی وت: "بەدایکت بڵێ شتێکی ترت لەبەربکات."

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی هاوڕەگەزبازیی ژەهراویبوونی سروشتی ڕەگەزییە بەڕەفتارگەلی پیزپەر لەسروشتی ئاسایی ئەو ڕەگەزە..

دایکێکی پیاوانە..

یاخود باوکێکی خاوەن کەسایەتی لاواز و لاواز لەسیمای پیاوەتیدا، یا شێواو لەچاوی منداڵەکانیدا..

(وەلێ شوناسی ئیسلامی باوکی بەماف و ئەرکەکانییەوە لەپێگەی سەرپەرشتیکار و قیوامە دا داناوە.

ئەوە بەرپرسە لەخێزانەکەی و، خۆشی بێ و ترشی بێ ئەوە کاروباریانی لەئەستۆیە و پێیان هەڵدەستێت و، پێویستە لەسەر خێزانەکەشی گوێڕایەڵی بن و ڕێزی بگرن.

لەسەر دایکیش پێویستە چ لای منداڵەکانی و چ لای خەڵکی دیشەوە شکۆ بۆ هاوسەرەکەی دابنێت و (سوکایەتی پێنەکات).)

ئیدی دەتوانیت هەموو ئەمانەی باسکرا بەراورد بکەیت بەو (لێکەوتانەی) لەڕەحمی ئیلحادی نوێوە گەشەدەکات لەخولیای جێندەر و، زەمینەسازی بۆ تەومژاوییبوونی شوناسی ڕەگەزیی و ڕێگرتن لەسەپاندنی بەسەر منداڵدا و، خولیای بزاوتەکانی ژنان و، هەوڵی (گەرموگوڕ) یان بۆ یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و ململانێ لەسەر ڕۆڵە نێرینەییەکان کە ئەمەش کەمکردنەوەی نرخی حاڵەتە مێینە سروشتییەکە و، ڕەتکردنەوەی و، خۆ بەری کردن لێی"لەخۆیدا حەشاردراوە.

# هەمووتان شوانن

یەکێك لەکاریگەرترین هۆکارەکانی هاوڕەگەزبازیی پراکتیزەکردنە پەروەردەییە ڕوخێنەرەکانن!

غیابی لەڕوی جەستەیی و ئامادەگیی باوك، یاخود غیابی ڕوح و ئەرکەوە..

نەبەخشینی سۆز و دڵرەقیی و لێك تێنەگەیشتن، یاخود نازپێدان و هۆگربوونی لەڕاددەبەدەر..

جیاکاریی کردن لەنێوان منداڵاندا بەتایبەت لەبەخشینی خۆشەویستیدا، ئیدی ئاخۆ لەنێوان کوڕاندا بێت و منداڵەکە هەست بەدابڕان لەجیهانی پیاوان بکات،

یاخود لەنێوان نێر و مێدا بێت و بەوهۆیەوە کچ مەیلی بۆ ئەوە بچێ کوڕ بووایە بەهیوای بەدەستخستنی ئەو سۆزەی بەهۆی کچ بوونیەوە لەدەستی چووە..

هەردوو دایك و باوك شوانن و لەبەردەم خودادا بەرپرسن..بەرامبەر خێزانەکەیان..

شوانیش شوان نییە تا بەسۆز و خۆشەویستی و دادپەروەریی و ئاسایش پەیوەندیی نەکات بەدەروون و ئەقڵی بەردەستەکانییەوە و، ماف خۆیان بۆ دابین نەکات.

پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت دەفەرمێت: "نابێت هیچ باوکێك تاوان بەرامبەر منداڵەکەی ئەنجامبدات."

هەروەها دەیفەرموو: "لەئێمە نییە کەسێك ڕەحم بەبچووکەکانمان نەکات."

هەروەك ستایشی ژنانی قورەیشی دەکرد کە بەرامبەر منداڵان بەسۆزترن.

منداڵانی ماچ دەکرد و خۆشەویستی بۆ دەردەبڕین، تەنانەت منداڵانی پشتیوانان ڕۆژێك چاویان پێی کەوت ئەویش پێی فەرموون: "سوێند بەخودا خۆشمدەوێن."

جارێك ئەعرابییەك بینی ماچی حەسەنی نەوەی دەکات، ئەعرابییەکە ئەمەی بەلاوە باش نەبوو و وتی کە ئەو هەرگیز منداڵەکانی ماچ ناکات، پێغەمبەریش دروودی خودای لەسەر بێت لەوەڵامدا وتەیەکی توندی پیێ وت:

"هەرکەس ڕەحم نەکات، ڕەحمی پێناکرێت."

ئەنەسیش خودای لێی ڕازی بێت حاڵی پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت لەوتەیەکیدا کورتدەکاتەوە و دەفەرمێت: "کەسم نەبینیوە لە پەیامبەر بەسۆزتر بێت بۆ منداڵەکانی."

هەربۆیە شەریعەتی ئیسلام نەهی کردووە لەجیاکاریی کردن لەنێوان منداڵاندا و لەپێدانی بەخشش و دیاری بەسەریاندا.

هەروەها پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت ڕەتیکردەوە دانی خێر بنێت بەدیاری بەخشینی پیاوێکدا بۆ کوڕێکی، تا هاوشێوەی ئەو دیارییە نەبەخشێتە هەموو منداڵاکانی دیکەشی و، ئەم کارەی بەجەور و ستەم ناوزەندکرد!

شەریعەتی ئیسلام بەنزم تەماشاکردنی مێینەشی ئیدانەکردووە.

پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت فەرمانی کردووە بەچاکبوون لەگەڵ کچاندا و

خۆی یاری لەگەڵدا دەکردن و خۆشەویستی خۆی بۆ نیشاندەدان.

جارێکیش پیاوێك لەگەڵیدا دانیشتبوو، کوڕێکی هات بۆلای، پیاوەکە گرتی ماچی کرد و لەباوەشیدا داینیشاند، پاشان کچێکی هات، گرتی و لەپاڵیدا داینیشاند، پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت پێی فەرموو: "دادپەروەر نەبوویت لەنێوانیاندا."!

چونکه دادپەروەریی لەنیگا و ماچ و دەستلێدان و زەردەخەنەشدایە و، لەمەدا نێر هیچ فەزڵێکی بەسەر مێدا نییە!

## داخستنی دەرگاکان

شەریعەتی ئیسلام ڕێگای شەیتان بەرەو دڵی بەندەکان دەگرێت و، دەرگاکان بەڕووی فیتنەکاندا دادەخات، لەبەر ئەمەیە سنووری عەورە دیاریکراوە و، فەرمان بەپاراستن و داپۆشینیان و چاوداخستن لەئاستیاندا کراوە، تەنانەت لەنێوان هەمان ڕەگەزیشدا

ئەگەرچی لەنێوان دایك و منداڵەکانیشیدا بێت و، کەمتەرخەمیی کردن لەمەدا لەگەورەترین پاڵنەرەکانی هاوڕەگەزبازیین.

هەروەك پێغەمبەر (دخ) فەرمان دەکات بەجیاکردنەوەی جێگەی نووستن منداڵان لەیەکدی .

نەهی لەوەکردووە پیاوێك لەپاڵ پیاوێکدا بخەوێت مەگەر ئەوەی بەرگێك لەنێوانیاندا هەبێت.

هەروەها نەهی لەوە دەکات پیاو وەسفی شوێنە تایبەتەکانی پیاو و ئافرەت هی ئافرەت بکات.

زانایانی پێشین و زانایانی شەرعیش نەهیان لەوە کردووە بەچاوی ئارەزووەوە تەماشای ئەو منداڵە بکرێت کە هێشتا مووی لێ نەهاتووە کەشێوەیەك جوانی هەیە و، فەرمان دەکەن ئەو ڕێگایانە دابخرێن کە دەبنە هۆی تووشبوون بەهەڵە بەهۆی ئەو بابەتەوە!

یەکێکی تریش لەقوفڵەکانی شەریعەت بۆ دەرگاکانی فیتنە دانانی سزا و جێبەجێکردنی حەددەکانە کە دەکرێت بگەنە کوشتن .

ئەمەش ئەو پێشێلکردنانە سنووردار دەکات کە کاریگەری گەورەیان لەدروستکردنی ئەم مەیلانەدا هەیە

بەهەمان شێوە دەبنە ڕێگر لەگۆڕانی کۆمەڵگا بۆ ژینگەیەك کە مرۆڤ بەرەو خراپە دەبات و، لەقاوغی خەباتکردن هەڵیدەکێشێت و چواردەوری بەقوڕی تاوان و پراکتیزەکردن دەگرێت.

## پاسەوانی کردن لەدڵەکان

ڕەفتاری دڕەندە ئاسا و خراپە لەگەڵ کردن گاڵتەپێکردن..ڕەتکردنەوە..

هەموو ئەمانە شتانێکن لادانە دەروونیی و سێکسییە هاوڕەگەزییەکان (بەهێزتر) دەکەن..

ئەم شتانەن کە سیستمی ڕەوشتیی شوناسی ئیسلامی زۆر بەتوندی دژیان دەجەنگێت..

"وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ"

واتە: "یەکتری بێ نرخ مەکەن و ناو و ناتۆرە لەیەکدی مەنێن."

"المؤمن بطعان ولا لعان ولا الفاحش ولا البذيء."

واتە: "باوەڕدار کەسێکە نەباسی ئابڕووی خەڵك دەکات و تۆمەت بداتە پاڵیان، نە نەفرەت لەخەڵکی دەکات، نەجنێو دەدات و نەقسەی نەشیاو و بێشەرمانەش دەکات."

"المسلم أخو المسلم، لاي يظلمة، ولا يخذلة، ولا يحقرة."

واتە: "مسوڵمان برای مسوڵمانە، ستەمی لێناکات و، هیوابڕاوی ناکات پشتی بەرنادات و بێ ڕێزیی بەرامبەر ناکات."

بەڵکو مسوڵمان دەستی هاوکاری و سۆز بۆ براکەی درێژ دەکات کە ئەویش لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەست لەملان لەزۆرانبازییدایە..

تەنانەت حەد و سزاکانیش، بۆ تەمیَ کردن و بەر لیَ گرتنن و، مەرجی وایان لەگەڵدا دانراوە کە دژوارە هەموو کەس بگرنەوە مەگەر کەسێك لەخراپەدا ڕۆچووبێت یاخود بەئاشکرا تاوانەکان ئەنجامبدات و، لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئەم سزایانە بۆ تۆخەی کردن یاخود داخستنی دەرگای قبوڵکردن بەسەر تۆبەکارێکی پەشیماندا نین..

پیاوێکی سەرخۆشیان هێنا بۆلای پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت، فەرمانیکرد کرد بەلێدانی، خەڵکیش لێیان دا، پاش ئەوەی پیاوە سەرخۆشەکە ڕۆشت پیاوێکی دی وتی: "ئەوە چییەتی خوا ڕسوای بکات"، پێغەمبەریش فەرمووی: "دژی براکەتان هاوکاریی شەیتان مەکەن."

چونکە دەکرێت برینی زمان زۆر لەئازاری تیغ قووڵتر بێت!

ژنێك زینای ئەنجامدا و دووگیان بوو، بەردباران کرا، بەڵام پاش ئەوە تۆبەی کرد و پەشیمان بووەوە.پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت نوێژی لەسەر کرد و، کاتێك زمانی خەڵکی دەستیان کرد بەقسەکردن لەسەری ئەو بەرگریی لێکرد و فەرمووی: "ئەو ژنە تۆبەیەکی کردووە گەر لەنێو حەفتا کەسی خەڵکی شاردا دابەش بکرێت بەشیان دەکات."

بگرە، یەکێك لەهەر تاوانە گەورەکان لەئیسلامدا ئەوەیە مسوڵمان بەبێ بوونی بەڵگە یاخود تەنانەت پاش تۆبەکردنی کەسەکە، تۆمەتی

کارێکی ناپەسەند بداتە پاڵ براکەی و، ئەو کەسەی تۆمەتەکەی دراوەتە پاڵ بۆی هەیە داوای جەڵد لێدانی ئەو کەسەی تۆمەتەکەی بۆ هەڵبەستووە بکات، چونکە شەریعەت کەرامەت و ئابڕووی دەپارێزێت.

## پشتوێنە ی ڕزگاریی و پەناگەی پارێزراو

شەریعەتی ئیسلام مرۆڤی هەڵناوە بۆ دەستگرتن بەهۆکارەکانەوە لەلابردنی بەڵا و کارەساتەکاندا، لەوانە داواکردنی هاوکاریی لەپسپۆڕانی دەروونیی لەبڕیاردانە ڕاستکەرەوەییەکاندا و، لەبنیاتنانی ئەو لێهاتووییە خودییە بنەڕەتییانەدا کە هاوکاری مرۆڤ دەکەن لەهەڵکێشانی بەرگەکانی ڕزیویی دەروونیی و، گەڕان لەکانەکانی یادەوەرییدا بۆ دەرهێنانی سەرچاوەکانی لادانە سێکسییەکان و هۆکارەکانیان کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، پاشان چارەسەرکردنی زامەکانی دڵ و ئەقڵ و دەروون و فیترەت کە ئەم دڕکە دێرینانە دوای خۆیان جێیام هێشتوون و، پاشانیش درێژەدان بەگەشەی شوناسی ڕەگەزیی و چاککردنی و پشت ئەستورکردنی!

بەڵام ڕازاندنەوەی ڕووکەشی ڕێگا ئاسانەکان لەلایەن شەیتانەکانی مرۆ و جننەوە"لەگەورەترین ئەو کۆسپانەن کە ڕێگای چاکبوونەوە لەمرۆڤ دەگرن.

ئەمەش لەڕێگەی ئاساییکردنەوەی ئەو مەیل و پراکتیزەکردنانەوە و نیشاندانیان وەکو شێوازێکی ڕاست و تەریب کە چاکبوونەوە لێیان هیچ واتایەکی نییە.یاخود لەڕێگەی وتنی ئەوەی کە ئەمانە بابەتگەلی زۆرەملێی و بۆهێڵیی و سروشتیین کە بواری دەربازبوون لێیان نییە و نابێت لێپێچینەوە لەسەر لێکەوتەکانی بکرێت.یانیش هەوڵی گزیکاریی و ڕەوایەتی پێدان و حەڵاڵکردنی ئەو فاحیشە و کارە ناپەسەندانە بدرێت!

ئەمانەن ئەو ژەهرانەی هیممەت و ورە دەکوژن و، نەگبەتیی و بەهیلاکچوون دەهانن و، خاوەنەکەیان دەخەنە ئاگرەوە!

ئەو مرۆڤەی خودا لەدڵیدا هەڵدەکەنێت تا لەئازار هەڵبێت، ئازار نەبێت هیچ ناچنێتەوە!

ڕۆژێك دێت درك بەوە دەكات كە ئەو شەیتانی ئینس و جنانەی دەمامكی هاوسۆزیی ساختەیان پۆشیبوو هەرگیز نابنە فریشتەی ڕەحمەت بۆ ئەو!

ئەوكات!

ژیان هیچ واتایەکی نابێت!

ئەوكات!

هەناسەکان دەبنە دڕك!

بەڵام گەورەترین شت لەئیسلامدا ئەوەیە کە خودا بوونی هەیە!

دەتوانرێت پەنای بۆ ببرێت و، ڕووی تیَ بکرێت و، گومانی باشی پیَ ببرێت و، داوای یارمەتی و ڕێنوێنی و سەداد و بینایی لیَ بکرێت، بڕواهێنان بەوەی کە خودا نەجێی هێشتووی و نەڕقی لێتە، گوێی لەموناجاتەکانتە و ئازارەکان پێدەزانێت و خۆشیدەوێیت وتا تۆ بەرامبەر خۆت و شەیتانەکانی ئینس و جن لەپێناو ئەودا بکۆشیت و، پێوەی پەیوەست بیت و، هیوات پێی هەبێت و لێی بترسیت"ئەو پاداشتت دەداتەوە!

ئەو خودایەی گوێی لەناڵاندنەکانە و، هەوڵ و کۆششەکان دەبینێت و، ئاگادارە چ شەپۆل و لەرزەلەرزێك لەسینەکاندا دەگوزەرێت!

ئەو خودایەی هەرگیز دەرگا بەڕووی کەسێکدا داناخات بۆلای گەڕابێتەوە..

بەڵکو ئەوە ئەو پەناگە پارێزراوەیە هانای بۆ دەهێنێت و خۆی پیَ بەهێز دەکات!

هەرچەندە خەڵکی ڕەتیبکەنەوە..هەرچەندە بەپەڕاوەکانی ڕابردوو ڕاویبنێن..هەرچەندە چاویان پڕ لەسوکایەتی و زمانیان پڕ

لەگاڵتەپێکردن بێت..خودا هەمیشە تەوبەی بەندەکانی قبوڵ دەکات و، لەخراپەکان خۆشدەبێت و، بەشەو و بەڕۆژ باڵی ڕەحمەت درێژ دەکات و، بەگەڕانەوەی غەریب شەوێك لەتاریکایی گومڕایی دڵخۆش دەبێت!

لەعائیشەوە خودای لێی ڕازی بێت دەگێڕدرێتەوە کە فەرموویەتی: "بەندەکان قسە لەسەر ئابڕووی ئەوانی دی دەکەن و تێڕوانینیان ناگۆڕن، بەڵام خودا پاش پەشیمان بوونەوەی بەندەکان دۆخی لەگەڵیاندا دەگۆڕێت و بەئابڕوویانانەوە نایگرێت!".

# پێرستی بابەتەکان


- ✓ هاوڕەگەزبازیی..

  ناچارییەکی بایەلۆجییە یاخود ڕەفتارێکی دەروونیی؟ !

- ✓ بۆهێڵەکان وایان لێکردم ئەو کارە بکەم.. جا ئایا دەکرێت مرۆڤ بەسروشت هاوڕەگەزباز بێت؟

- ✓ هاوڕەگەزبازیی و ئازادیی ئازاردانی ئەوانی دی

- ✓ گۆڕینی ڕەگەز و خۆکوشتنی مرۆیی

- ✓ هاوڕەگەزبازیی و یاسادانانی ئیسلامیی و ڕوویەکی تری دراوەکە

RSC

سەنتەری توێژینەوەو ڕاپرسی

مركز البحوث واستطلاع الرأي

Research and Survey Center



یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی